# سندوقی دارایی نیشتمانیی بۆ پشتگیریی له ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای ڕێکخراوی قازانج–نەویست (ICNL)، تەموزی
2010

# پێزانین

بەرگێکی پێشتری ئەم بابەتە بە تایبەت بۆ بەکارهێنانی لە لایەن (وەزارەتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی)ی شانشینی هاشمی ئوردنییەوە دارێژرابوو، ئەمەش لە ڕێی بەخششی (ئەکادیمیای گەشەسەندنی پەروەردە، AED) و بە دارایی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی (USAID). بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای ڕێکخراوی قازانج-نەویست بە سوپاسەوە پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ پشتگیریی AED و USAID.

نووسەرانی ئەم بابەتە بریتین لە کاسرین شیا لە بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای ڕێکخراوی قازانج-نەویست و نیلدا بولاین و کاترینا هادزیمیچیڤا ئیڤانس لە بنکەی ئەوروپی بۆ یاسای ڕێکخراوی قازانج-نەویست. سوپاسی جوانا واسیک دەکەین بۆ هاوکاریی لە لێکۆڵینەوەکە و ونووسینی ڕەشنووسەکە، هەروەها سوپاسی دیما جویهان دەکەین، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری نووسینگەی هەرێمایەتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست/باکووری ئەفریقیای بنکەی نێودەوڵەتیی بۆ یاسای ڕێکخراوی قازانج-نەویست بۆ هاوکاریی لە لێکۆڵینەوەی مەیدانیی.

# خشتەی ناوەڕۆک


I. پێشەکی ........ 1

II. سندوقی نیشتمانی لە دووتوێی پلانی گشتیی پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ........ 2

III. ئامانجەکانی سندوقەکە/دەستگاکە ........ 7

A. سندوقەکە پشتگیری لە چی دەکات؟ ........ 7

B. پشتگیریی دامەزراوەیی، پشتگیریی بە گوێرەی پرۆژە، یان هەردووکیان؟ ........ 9

C. پشتگیریی یەک ساڵە یان چەندین ساڵە؟ ........ 15

D. جۆرەکانی ئەو پشتگیرییەی پێشکەش دەکرێت ........ 16

IV. سەرچاوەکای داراییکردن (تەمویل، Funding) ........ 17

A. پابەندێتی بە تەرخانکردنی بودجەوە ........ 17

B. داهاتەکانی تایبەتاندن ........ 18

C. داهات لە یانسیب و یاری تری خۆت و بەختی خۆت ........ 18

D. سەرچاوەی تری دارایی ........ 20

V. شێوەی یاسایی و ئیدارە ........ 22

A. ڕۆڵی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەستە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سندوقەکە ........ 22

B. مەرجەکانی شەفافییەت و مسائەلە ........ 26

VI. بەڕێوەبردن و کاروباری تری کارگێڕی ........ 28

A. بەڕێوەبەری سندوق ........ 28

B. ڕێساکانی ناوخۆ ........ 30

C. سترەکچەر و دانانی ستاف بۆ سندوقەکە ........ 31

D. کاروباری ڕۆژانە ........ 33

VII. پێوەر بۆ داراییکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ........ 34

A. پێوەری شایستەیی لە بەرامبەر پێوەری هەڵبژاردن ........ 34

B. بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکان یان ئەولەوییاتەکانی حکومەت ........ 36

C. سیستمەکانی هەڵسەنگاندن/پلەدانان بۆ پرۆپۆزەڵ ........ 38

D. چۆن جەخت لە فرەچەشنیی جوگرافی بکرێتەوە؟ ........ 40

VIII. ڕێوشوێنەکانی داراییکردن ........ 42

A. جەختکردنەوە لە مسائەلە و شەفافییەت لە پرۆسەی داراییکردندا ........ 42

. بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی زانیاریB ..... 43
C. ڕێگرتن لە پێکدادانی بەرژەوەندیی ..... 44
D. تێهەڵچوونەوە (تمییز)ی بڕیاری تەرخانکردنی گرانت (منحة) ..... 45
E. ئەو ڕێسایانەی گرێبەستسازی و پارەدان بەڕێوە دەبەن ..... 45
IX. نووسینی ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندن ..... 47
A. هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی گرانت ..... 47
B. مەرجەکانی ڕاپۆرتنووسین ..... 48
C. هەڵسەنگاندنی ستراتیجی دامەزراوەیی ..... 49
X. دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان ..... 52

# I. پێشەکی

ئەم بابەتە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە پرسە ستراتیجی و چالاکییە سەرەکییەکانی دارشتنی دارایی و ئەو دەستگایانەی پشتگیریی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. هەندێک نموونەی تێدایە لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئەم پرسانە لە لایەن حکومەتی جۆراوجۆرەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، و شیکردنەوەی ئەو رێکارانە لەخۆدەگرێت کە لە هەر هەنگاوێکی پرۆسەکەدا پیادە کراون، هەر لە دامەزراندنی سندوقی داراییەوە (صندوق التمويل، Fund)، تا دەگاتە رێوشوێنەکانی داراییکردن، و هەڵسەنگاندنی ستراتیجە دامەزراوەییە گشتییەکە.

ئەم بابەتە بە تایبەتی کار لەسەر ئەم بوارانە دەکات:

- دارایی نیشتمانی لە دووتوێی پلانی گشتیی بۆ بەردەوامیی و سەقامگیریی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- ئامانجەکانی سندوقەکە/دەستگاکە
- سەرچاوەکانی (تەمویل) دارایی
- شێوەی یاسایی و بەڕێوەبردن
- بەڕێوەبردن و چالاکیی تر
- پێوەر بۆ داراییکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- رێوشوێنەکانی داراییکردن
- نووسینی راپۆرت و هەڵسەنگاندن

زانیارییەکانی دووتوێی ئەم بابەتە پشت بە لێکۆڵینەوە لە دارایی (تەمویل) ی سێزدە وڵات دەبەستێت. وڵاتەکان بریتین لە ئەڵبانیا، ئازەربایجان، کرواتیا، هەنگاریا، کازاغستان، ئوردن، پۆڵەندا، باشووری ئەفریقیا، تورکیا، ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەب، و شانشینی یەکگرتوو. ئەم مۆدیلانە نموونەی جۆراوجۆرن لە شێوازی (سندوقی نیشتمانی)، لەگەڵ شیکردنەوەی لایەنە ئەرێنیەکان و لایەنە نەرێنییەکانی ئەو شێوازە جۆراوجۆرانە.

## II. سندوقی نیشتمانی لە دووتوێی پلانی گشتیی پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

بەشێک لە هەوڵەکانی دامەزراندنی پەیوەندییەکی کارا و دوولایەنە لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە داراییکردن (تەمویل)ی حکومی. حکومەت بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی دابینکردنی ژینگەیەکی یاسایی گونجاو بۆ دامەزراندن و کارکردن و بەردەوامیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پشتگیری لە کەرتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.[1] بە شێوەیەکی دامەزراوەیی دەستگایەکی تۆمارکردنی کارا و دەسەلاتێکی سەرپەرشتیاریی دادەمەزرێنێت.

بە مەبەستی بنیاتنانی ژێرخانێکی گەورە بۆ پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕەنگە حکومەتەکان نووسینگە یان فەرمانگەی سەربەخۆ دروست بکەن، ئەم دەستگایانە هەروەها ڕێگەخۆش دەکەن بۆ بە-دامەزراوەکردنی هاوکاریی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت (وا باوە پێیان دەگوترێت "نووسینگەی ڕێکخەر"). ڕەنگە ئەم فەرمانگانە بەشداری لە دامەزراندنی سندوق یان دەستگایەکی دارایی نیشتمانیی بکەن، بەلام هەروەها دەتوانن چالاکییەکانیان بەرفراوان بکەن بەرەو داڕشتنی ستراتیج و دەستپێشخەریی ئەوتۆ کە بە گشتیی کار دەکەنە سەر کەرتەکە. حکومەتەکان هەروەها ڕەنگە سیاسەت دابڕێژن و بەڵگەنامەی سیاسەتەکان (وثائق السیاسة، policy documents) دابڕێژن، وەک بەرنامەی هاوکاریی یان ستراتیجی دیاریکراو بۆ پرەنسیپە جەوهەرییەکانی شەراکەتێکی باش لە نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەو بەرنامەی هاوکارییە یان لەو ستراتیجەدا پابەندێتی پیشان دەدرێت لە لایەن حکومەتەوە بۆ دابینکردنی تەمویل-دارایی. لە ولاتانی شانشینی یەکگرتوو یان هەنگاریا ئەم بەڵگەنامانەی سیاسەت لە لایەن حکومەتەوە داڕێژراون، لە ئەستۆنیا لە لایەن پەرلەمان، و لە سوید لە لایەن وەزارەتی هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە داڕێژراون[2]

وەک بەشێک لە ستراتیجەکە، ڕەنگە حکومەت وەبەرهێنان لە تواناسازیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە مەدەنییەکان بکات، بۆ نموونە، لە ڕێی پشتگیریی لە پێشکەشکردنی خولی مەشق لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی و گەیاندن، لە ڕێی پشتگیری لە دروستکردنی تۆڕبەندی و ئالوگۆڕی زانیاری و ئەزموون، یان دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ هاندان و پتەوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش بۆ کەرتەکە، وەک لێکۆڵینەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی، یان دانانی خولی مەشق لەسەر یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سیستەمی دەستگاکانی خوێندنی بالا، تاد. بە تایبەتی ئەوە گرنگە کە کەرتەکە تێگەیشتنێکی قووڵی هەبێت لە داڕشتنی سیاسەتی کارا و پشتئەستوور بە بەڵگە بۆ گەشەسەندنی درێژخایەن.

لە زۆر ولات میکانیزمەکانی بەشداریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دروستکردنی بڕیار لە حکومەت و پەرلەمان بەشێکی ڕەبایەخی ژێرخانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. وەک:

---

[1] Katerina Hadzi-Miceva and Fabrice Suplisson، پێداچوونەوەی پلانی دارایی دەوڵەت بۆ پشتگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ECNL and , COW I/A (2007), p. 2.

[2] لە شانشینی یەکگرتوو پێی دەگوترێت "پەیماننامە"، بڕوانە: http://www.thecompact.org.uk/، لە ئەستۆنیا پێی دەگوترێت EKAK واتە پەیماننامەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا، بڕوانە http://www.ngo.ee/1030. بۆ پیشاندانی، ئێمە لە پاشگری A دا ، بەشێکی EKAK مان پیشان داوە.

- ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی لە وەزارەتەکان
- دەستەی ڕاوێژکاریی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی تایبەت (وەک پانێلی ڕێکخراوە حکومییەکان بۆ نوێنەرایەتی ئەو زیندانییانەی مافیان هەیە ڕاوێژیان پێبکرێت لەسەر هەموو ئەو یاسایانەی کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو گروپانەی کاریان بۆ دەکەن"
- کۆبوونەوەی گشتیی و هەر شێوازێکی تری ڕاوێژکاری، یان
- هەندێک شێوازی جەختکردنەوە لە دەستگەیشتن بە زانیاری، وەک ئەو میکانیزمانەی تایبەتن بە ئینتەرنێت، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی پڕۆژەیاساکان لەسەر ویبسایتی وەزارەتەکان.

لە هەندێک وڵات، حکومەتەکان هەروەها بنکەی پشتگیریی لە ڕێکخراوەکان کۆمەڵگەی مەدەنی دادەمەزرێنن، یان سەرچاوەیان بۆ دابین دەکەن. ئەم بنکانە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن وەک یارمەتیدانیان لە دروستکردن و بەردەوامییپێدانی داتابێیس، مەشقکردن، هاوکاریی یاسایی، بڵاوکراوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەلوپەل و ژێرخانی نووسینگە (وەک کۆپی و چاپ) و دابینکردنی ئینتەرنێت، هەروەها نێوەندکاری لە نێوان کۆمەکبەخشەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (بۆ نموونە، وەرگرتنی کۆمپیوتەر یان بەرنامەی کۆمەکبەخشان لە کۆمپانیایەک و دابەشکردنی بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا).

بۆیە دانانی سندوقی هاوکاری یان دەستگای هاوکاری تەنێ بەشێکە لە ژێرخانێکی هەمەلایەن بۆ پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەمە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ تەمویلی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ئەمان بۆ خۆیان خاوەنی سەرچاوەی خۆیشیانن، هەروەها دەستپێشخەریی خێرخوازی لە لایەن بزنس و تاکەکەسەوە، و تەمویل لە لایەن کۆمەکبەخشی تریشەوە. تەمویلی حکومەت زیاتر پێدەچێت بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت لە پتەوکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کاتێک لە ڕێی تریشەوە لە درێژخایەنییدا کار لەسەر گەشەپێدانی پشتگیری و دروستکردنی شەراکەت بکرێت.

*ژێرخانێک بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی*

- *کارپێکردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کار دەکەنە سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی*
- *تۆمارکردن و سەرپەرشتی بە شێوەیەکی کارا*
- *هەبوونی ڕێکخەر لەلای حکومەت (نووسینگەی پەیوەندی)*
- *دارشتنی سیاسەت سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ستراتیجی حکومەت سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی)*
- *داراییکردنی پشتگیری لە ڕێی وەزارەت و ئاژانسەکانی حکومەت و حکومەتە خۆجێییەکان.*
- *داراییکردنی پشتگیری لە ڕێی سندوقێکی تایبەتەوە*

- *بەشداریی ڕێکخراوکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دروستکردنی بڕیاردا (دەستەی ڕاوێژکاری، کۆبوونەوەی گشتیی)*
- *تواناسازیی کەرتەکە (مەشق، تۆڕبەندی، بنیاتنانی هاوپەیمانێتی)*
- *ئاشناکردن و ناساندنی کەرتەکە (لێکۆڵینەوە، خوێندنی باڵا)*
- *بنکەی پشتگیری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی*

وەک لەو نموونانەی خوارەوەدا دەبینین حکومەتەکان میکانیزمێکی بەراییان داناوە بۆ تەمویل (داراییکردن)، و ئنجا ژێرخانی پشتگیرییان دارشتووە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، وەک سندوقی تەمویلی نیشتمانیی. ئامانجی نموونەکان بریتییە لە پیشاندانی بایەخی ژێرخانێکی گەورەی پشتگیریی، ئنجا پاش دامەزراندنی سندوقی نیشتمانی دابڕێژرێت یان پاش ئەمە.

## دەستگای نیشتمانیی کرواتیا بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە کرواتیا دەستگایەک بە ناوی (دەستگای نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی) بە مەبەستی هاندان و بەرەوپێشبردنی کەرتی کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزراوە.[3] پێش ئەوەی ئەم دەستگایە لە ٢٠٠٣ دابمەزرێت، (نووسینگەی حکومەت بۆ یەکێتییەکان) بەرپرسیار بوو لە دابەشکردنی تەمویل (دارایی) بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا. دامەزراندنی (دەستگا)کە وەرچەرخان بوو لە سیستمێکی مەرکەزیی توندەوە بەرەو داراییکردنێکی حکومی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کەمتر مەرکەزییە و چەندین لایەنی جۆراوجۆری پەیوەندار بەشداری تێدا بکەن. ئەگەرچی هێشتا هەر وەزارەتێک بەرپرسیارە لە داراییکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بوارەکەی خۆیدا، بەڵام (دەستگا)کە پشتگیریی دەستپێشخەریی گەورەی جەماوەریی ئەوتۆ دەکات کە ناکەوێتە چوارچێوەی کاری وەزارەتێکی دیاریکراوەوە.

(دەستگای نیشتمانی) بریتییە لە بەشێک لە چاچێوەیەکی گەورە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی کرواتیان پێکەوە دەبەستێتەوە. دەکەوێتە ناو سیستمی "مۆدیلی نوێی"ی سێ لایەنییەوە[4]، کە هەروەها (نووسینگەی حکومەت بۆ یەکێتییەکان) لەخۆدەگرێت، (*ستراتیجی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی*)ی ٢٠٠٦، لەگەڵ (ئەنجومەنی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی)، کە دەستەیەکی تایبەتیی ڕاوێژکاریی حکومەتی کرواتیایە. ئەنجومەنەکە بەرپرسە لە چاودێری، شیکردنەوە، و هەڵسەنگاندنی داراییکردن (تەمویل) لە بودجەی دەوڵەتەوە، و جەختکردنەوە لە پابەندێتی لەگەڵ یاسا. سەرەڕای ئەمە، پەرلەمانی کرواتیان (یاسای کارکردن و ستاندارد و پێوەری باش بۆ دابینکردنی هاوکاریی دارایی بۆ بەرنامە و پرۆژەکانی یەکێتییەکان)ی پەسەند کرد، کە بریتییە لە ستاندارد و پرەنسیپەکانی پێدانی هاوکاریی دارایی لە بودجەی حکومەتەوە بە یەکێتییەکان.

---

[3] Katerina Hadzi-Miceva and Fabrice Suplisson, supra note 1, p. 5

[4] بۆزانیاری زیاتر سەبارەت بە مۆدیلەکە بڕوانە: Hadzi-Miceva Katerina, "Legal and Institutional Mechanisms for Government-NGO Cooperation in Hungary, Estonia and Croatia," in "Organizacje pozarządowe. Dialog obywatelski. Polityka państwa," edited by Marek Rymsza, (Institute for Public Affairs, Poland).

بە هەمان شێوەی حکومەتی کرواتیا، حکومەتی هەنگاریاش دارایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرد پێش ئەوەی دەستگایەک دابمەزرێنێت بۆ ئەو مەبەستە. پارەی بە "ڕێژەیەکی سەتیی" دابەش دەکرد بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا، کە بریتی بوو لە ڕێژەیەکی ستیی لە دارایی باجدەران بۆ پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەروەها دەتوانن داراییان لە کەناڵە مەرکەزییەکانەوە دەست بکەوێت وەک بودجەی وەزارەت، بەرنامەی بەخشش و کۆمەکی وەزارەتەکان، بەرنامەی کۆمەکی وەزارەتەکان، ئەو دەعم (subsidies)انەی تەرخان کراون بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە بودجەی دەوڵەت، یان دەستگا گشتییەکان (دەستگای نیمچە حکومی هەیە کە بەخشش کۆدەکاتەوە و بە یاسای پەرلەمان دامەزراوە، یان لە لایەن حکومەتی ئاستی نیشتمانی یان حکومەتە خۆجێیەکانەوە دروست کراوە).[5] (سندوقی مەدەنیی نیشتمانیی) کە (فەرمانگەی دایەلۆگی کۆمەڵایەتی) ی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی دەکات، لە ٢٠٠٣ بە مەبەستی تەواوکردنی پشتگیری حکومەت لەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزرا کە بە گوێرەی میکانیزمەکە ڕێژەیەکی سەتیی هاوکارییان وەردەگرت[6]. بۆ یەکەم جار، بواری ڕەخساند بۆ نوێنەرەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشداری بکەن لە دابەشکردنی تەمویلەکان.

پێش دروستکردنی (سندوق)ەکە، حکومەتی هەنگاریا پەیوەندییەکانی خۆی بە شێوەیەکی دامەزراوەیی دامەزراندن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێی دروستکردنی (فەرمانگەی پەیوەندییەکانی مەدەنی) لە ١٩٩٨. فەرمانگەکە ئەو سیاسەتانە دادەڕێژێت و هەماهەنگییان بۆ دەاکت کە کار دەکەنە سەر کەرتی قازانج-نەویست بە گشتیی. بۆ نموونە، ستراتیجێکی هەمەلایەنی دارشت بۆ پشتگیری و گەشەپێدانی کەرتی قازانج-نەویست کە حکومەت لە ٢٠٠٣ تەبەنی کرد، و لە ٢٠٠٧ هەڵسەنگێندرایەوە و نۆژەن کرایەوە.

## پرۆسەی دامەزراندنی سندوقی تەمویل/دەستگای تەمویل

لە دووتوێی پیادەکردن و کارکردنی باشدا بەشداری و راوێژ بە سوودمەندەکان دەکرێت لە پرۆسەی دامەزراندنی سندوقەکەدا. بۆ نموونە حکومەتی هەنگاریا پرۆژە یاسای (سندوقی مەدەنیی نیشتمانی) خستە پێش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە شێوەیەکی ڕووبەڕوو راوێژی بە گروپێک سەرکردەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پسپۆڕان کرد بۆ دوایین ڕەشنووسی پرۆژەیاساکە، و دواجاریش راوێژ و گفتوگۆی بەرفراوان ئەنجام درا لەسەر ئاستی وڵات لەسەر پرۆژەیاسای دامەزراندنی سندوقەکە. زۆر لەو سەرنج و بۆچوونانەی لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پێشکەش کران لەو دوایین ڕەشنووسەدا ڕەچاو کرا کە پەرلەمان پەسەندی کرد. شێوازێکی تر بۆ راوێژکردن بە سوودمەندانی ئاییندەیی بریتیە لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانیان لە کاتی دارشتنی بەرنامەکانی کۆمەک و بەخششدا بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان و ئەولەوییاتەکانی حکومەت هاوسەنگ بن. بۆ نموونە، کاتێک (دەستگای نیشتمانیی کەرواتی) دادەمەزرێندرا، چەندین کۆڕبەند و کۆبوونەوەی گروپی کاری ساز کرد بۆ تاوتوێی بیرۆکەی دامەزراندنی دەستگاکە و باسکردنی پێداویستییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد لە بواری تەمویلدا. پرۆسەی لەم جۆرە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی پشتگیری لە (سندوق)ەکە

[5] Katerina Hadzi-Miceva and Fabrice Suplisson, supra note 1, pp. 19-21.
[6] Katerina Hadzi-Miceva, supra note 3, pp. 17-19.

لەنێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا. ئەوسا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەنێ وەک سەرچاوەیەکی پارەی حکومی سەیری سندوقەکە ناکەن، بەڵکو وە دەستگایەک سەیری دەکەن کە دەتوانن بەشداری تێدا بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان لە باشترکردنی وڵاتەکەیان.

## III. ئامانجەکانی سندوقەکە/دەستگاکە

دەتوانرێت بە شێوازی جۆراوجۆر ئامانجی گشتیی لە پشتگیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بهێنرێتە دی. زۆر گرنگە لە دەستپێکەوە ئەو ئامانجانە دیاری بکرێت کە سندوقەکە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدات – ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دیاریکردنی ستراتیج و ئەولەوییەتەکانی داراییکردن (تەمویلکردن)، و هەروەها ئامرازی پێویست بۆ سندوقەکە دادەنێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی لە ئاییندەدا.

### A. سندوقەکە پشتگیری لە چی دەکات؟

دەتوانرێت سندوقی نیشتمانی دابمەزرێندرێت بە مەبەستی پتەوکردنی کەرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتیی، یان بۆ پشتگیریی لە هەندێک پرۆژەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەولەوییاتەکانی سیاسەتی حکومەت.

سندوقەکە هەروەها ئامرازێکی کارا (فعال، effective) دەبێت بۆ پشتگیریکردنی ژێرخان و گەشەسەندنی کەرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتیی. لەم حاڵەتانەدا، سندوقەکە هەندێک بەرنامەی گرانت (کۆمەک، بەخشش، grant) دادەڕێژێت بۆ پڕکردنەوەی کەموکورییەکانی کەرتەکە یان بۆ پشتگیری لەو بەرنامەی گرانتانە کە دەبێتە زیاترکردنی ئاشنایەتی و زانیاریی کەرتەکە. بۆ نموونە، ئەم دەستپێشخەرییانە بریتین لە:

- پشتگیری لەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیین،
- تۆڕەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- پرۆژە بۆ زیاترکردنی ئاستی خۆبەخشێتی (تطوع)
- پرۆژە بۆ پشتگیریی لە گەشەپێدانی تەکنەلۆجیای زانیاری لای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- پشتگیری لە گەشەسەندنی ڕێکخراوەیی کەرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ نموونە وەک بابەتەکانی ئیدارەی باش (الحوكمة الرشيدة، good governance) و بەرپسیاربوون (مسائەلە، accountability) و شەفافییەت.
- پرۆژە بۆ پشتگیریی لە هاوکاریی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرپرسان و کۆمپانیاکانی بزنس، و تاد.

لەم حاڵەتانەدا گرنگ نییە ئاخۆ ئەو ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە گرانت وەردەگرێت کار لە بواری ژینگەدا دەکات، یان کەمکردنەوەی هەژاریی – ئەوەی گرنگە بریتییە لەوەی کارەکەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەیە لە پتەوکردنی سەرجەم کۆمەڵگەی مەدەنی. لە هەنگاریا، بە گوێرەی یاسای (NCF)، 30% بودجەی سندوقەکە بۆ پرۆژەی گرانت (بەخشش، منحة، کۆمەك) تەرخان دەکرێت.

ئەگەر ئامانجی سەرەکیی تەمویلەکە بریتی بێت لە پشتگیریی هەندێک ئەولەوییەتی دیاریکراوی سیاسەتی حکومەت، ئەوسا پێویستە جەخت بخاتە سەر دابینکردنی کۆمەک بۆ ئەو بوارانە، بۆ نموونە، ژنان، پەروەردە، یان دابینکردنی

هەلی کار. ئنجا ئەوسا دەتوانێت پشتگیریی لە گەشەسەندنی دامەزراوەیی یان کاری پرۆژەی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات کە لە بواری ئەولەوییاتەکان کار دەکەن.

بێگومان مەرج نییە ئەو دوو بواری پشتگیرییە تەنێ ئەو دووانە بگرێتەوە. ڕاستییەکەی ڕەنگە تەمویلەکە بڕیار بدات لەسەر تەمویلکردنی هەندێک بواری ئەولەوییەت لای حکومەت سەرەڕای ئەمەش، بەشێکی پارەکە دەچێت بۆ گەشەسەندنی کەرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە گشتیی (بۆ نموونە، بەرنامەیەکی کۆمەک بەڕێوە دەبات بۆ پشتگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژنان، و ڕەنگە پشتگیری لە بنیاتنانی تۆڕ و دروستکردنی هاوپەیمانی بکات لە نێوان ئەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان یان مەشق لەسەر کۆکردنەوەی کۆمەک و گەیاندن). یاخود بە پێچەوانەوە، ئامانجی سەرەکیی تەمویلەکە ڕەنگە بریتی بێت لە پشتگیریی گەشەسەندنی کەرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڵام هەر ساڵێک ئەولەوییەت بۆ پشتگیریی هەندێک بوار دادەنرێت بە گوێرەی ستراتیجی ساڵانەی حکومەت. زۆر گرنگە بە ڕوونی ئەو بەشەی تەمویلەکە دەستنیشان بکرێت کە تەرخان دەکرێت بۆ هەر ئامنجێک لە ئامانجەکان و بۆ ئەولەوییەتە سەرەکییەکان.

***کرواتیا: پەیام، دید، و ئامانجەکانی (دەستگای نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی)***

*پەیامی (دەستگای نیشتمانی) بریتییە لە پتەوکردن و پشتگیریی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆماری کرواتیا*

- *دید (رؤیا، Vision)ی (دەستگای نیشتمانی)، لە ڕێی چالاکییەکانییەوە، بریتییە لە دروستکردنی هاوڵاتیی چالاک لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، دیمۆکرات لە کۆماری کرواتیا*
- *ئەو ئامانجانەی (دەستگای نیشتمانی ) هیواخوازە بیانهێنێتە دی لە ڕێی چالاکییەکانییەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:*
- *هاندانی هاووڵاتیی چالاک و بەشداریی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی خۆجێی*
- *پتەوکردنی تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنی*
- *گەشەپێدانی هاوکاری نێوان کەرتەکان و هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی*
- *زیاترکردنی کاریگەری جەماوەر وبەشدارییان لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی*
- *گەشەپێدانی بزنسی کۆمەڵایەتی و دامەزراندن لە کەرتی قازانج-نەویست*
- *زیاترکردنی کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی گشتییدا*

*ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستگای نیشتمانی، ٢٠٠٩*

## B. پشتگیریی دامەزراوەیی، پشتگیریی بە گوێرەی پرۆژە، یان هەردووکیان؟

ڕەنگە تەمویلەکە (داراییەکە) یان پشتگیریی دامەزراوەیی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، واتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دارایی وەردەگرن لە بەرامبەر پێداویستییەکان و ئەمە گرێدراو نییە بە بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە (وا باوە پەیوەستە بە بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ڕێکخراوەکە)، یاخود بە گوێرەی پرۆژە پشتگیریی وەردەگرن، لێرەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دارایی لە بەرامبەر پرۆژەیەکی دیاریکراو وەردەگرن، یاخود هەردووکیان. زۆربەی سندوقەکان پشتگیریی لە پرۆژەی دیاریکراوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، و تەمویلی خەرجییە دامەزراوەییە گشتییەکانیان ناکەن، بەڵام هەردوو جۆرە داراییکردنەکە لە ئارادایە.

هۆی سەرەکیی پشتگیریی دامەزراوەیی بریتییە لە "وەبەرهێنان" لە گەشەسەندنی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەتوانن شەریکی کارا بن لەگەڵ حکومەت لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیدا. لە زۆر وڵات هێشتا کەرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تەواوەتی پێنەگەیشتووە لە بواری توانای دامەزراوەییدا (موئەسەساتییدا). ئەگەرچی هەندێک لەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دارایی دەکرێن ڕەنگە ژێرخان و بەڕێوەبردنی پسپۆڕانەی باشیان هەبێت، بەڵام زۆربەی ڕێکخراوە خۆجێیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خاوەن هیوا و پابەندیتیین، بەڵام توانای ڕێکخراوەییان نییە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان.

دابینکردنی پشتگیریی دامەزراوەیی هەروەها لەو ژینگانەدا پڕبایەخە کە کۆمەکبەخشی تری حکومەت و تایبەت بە شێوەیەکی سەرەکیی تەمویلی پرۆژە دەکەن. زۆر زەحمەتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانن ڕێکخراوی کارا دروست بکەن و درێژەی پێبدەن – بە تایبەتی ئەوانەی بچووکن- ئەگەر هەندێک پشتگیریی "بێ سنوور"ی دامەزراوەیی نەکرێن. چونکە زۆربەی پرۆژە تەمویلکراوەکان ڕەچاوی پێداویستییە دامەزراوەییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکەن: بوار نادات ڕێژەیەکی سەتیی پێویست لە سەروو خەرجییەکان خەرج بکرێت، بوار نادات بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەدەک دروست دابنێن، یان تەمویلی چالاکیی ئەوتۆی ڕێکخراوەیی پێبکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەست نەبێت بە پرۆژەکەوە (وەک، گەشەسەندنی پرۆژە و خەرجیی تری کۆکردنەوەی کۆمەک، گەشەسەندنی دەستە و بەڕێوەبردن، پلاندانانی ستراتیجی، یان چاکترکردنی سیستمەکانی بەڕێوەبردنی دارایی).

بەڵام دابینکردنی دارایی بە گوێرەی پرۆژە لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە. پشتگیریی بە گوێرەی پرۆژە هەندێک ئەنجامی دیاریکراو بەرهەم دەهێنێت لەو بوارانەدا کە حکومەت دەیەوێت کاریگەری لەسەریان هەبێت، هاوکات، پتەوکردنی ئەزموون و توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی ئەو بوارە. لە ڕێی پشتگیریکردنی چەند پرۆژەیەکەوە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجامی دەدەن، تەمویلەکە هەندێک ئامانجی پێوانەکراو بەدەست دەهێنێت، بۆ نموونە، بۆ چاکترکردنی ئاستی ژیان یان چاکترکردنی کۆمەڵگەی هەژاران یان زیاترکردنی هەلی کار بۆ خەڵکی بێدەرەتان و مەینەتبار.

دەتوانرێت ئاوێتەیەک لە هەردوو جۆر پشتگیرییەکە لە ئارادا بێت. بۆ نموونە، ڕەنگە حکومەت بڕێکی دیاریکراو لە دارایی تەرخان بکات بۆ پرۆسەی تەمویلکردن بە گوێرەی پرۆژە، و هاوکات باقیی داراییەکە تەرخان بکات بۆ پشتگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێی پشتگیریی جۆری دامەزراوەییەوە.

## 1. پشتگیریی دامەزراوەیی

پشتگیریی دامەزراوەیی (مؤسساتی، Institutional) بە سێ شێواز ئەنجام دەدرێت: پێوانەیی (قیاسي، normative)، بە گوێرەی پێداویستی، و عەینی (in-kind). لە شێوازی (پشتگیریی پێوانەیی)دا، پێوەرێک یان هاوکێشەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر بڕی ئەو پشتگیرییەی پێشکەش بە هەر داواکارێک دەکرێت، وەک حاڵەتی (سندوقی مەدەنیی نیشتمانیی) هەنگاریا (بڕوانە خوارەوە). لە شێوازی (پشتگیریی بە گوێرەی پێداویستی)دا بڕێک پارە دەدرێت بۆ داپۆشینی هەندێک پێداویستیی توانای دامەزراوەیی. بۆ نموونە، ڕەنگە گرانت (کۆمەک، بەخشش، منحە)ێک بدرێت بە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک دارایی پێویست بۆ بەرزرکردنەوەی سیستەمی تەکنەلۆجیای زانیاریی ڕێکخراوەکە. دوایین جۆری پشتگیریی دامەزراوەیی، کە بریتییە لە پشتگیریی نەوعی، ڕەنگە بریتی بێت لە پشتگیریی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەی کەرەستە و کەلوپەل یان خزمەتگوزاریی. لە حاڵەتێکدا کە بریتی بێت لە خزمەتگوزاریی، داراییەکە پێویستی بە میکانیزمێکە بۆ هەڵبژاردنی چۆنیەتی دابینکردنی.[7] ڕەنگە لەناو-ماڵ دابین بکرێت، سوود وەرگرتن لە پسپۆڕێتیی حکومەت، یان سازدانی گرێبەست لەگەڵ دابینکارێکی خزمەتگوزاریی. بۆ نموونە، ڕەنگە داراییەکە تەرخان بکرێت بۆ مەشقکردن بۆ پشتگیریی لە گەشەسەندنی توانای دامەزراوەیی کۆمەک-وەرگرەکان، لە بواری ئیدارەی باشدا (الحوكمة الجيدة، good governance).

هاوکات، دەتوانرێت پشتگیری دامەزراوەیی بۆ وەبەرهێنان لە هەندێک ڕێکخراودا بەکاربهێنرێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا. ئەم شێوازە لە لایەن ( دەستگای نیشتمانیی کرواتیا بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی) پیادە کرا. دەستگاکە داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات پلانی گەشەسەندنی ڕێکخراوەیی دابڕێژن ("پلانی بزنس") بۆ سێ ساڵ، و لەگەڵ فۆرمی داواکارییەکانیان پێشکەشی بکەن. پلانەکان بریتی دەبن لە چالاکیی جەوهەریی ڕێکخراوەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی (وەک، گەیاندنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان) و هەروەها ئەو شێوازەی ڕێکخراوەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی پیادەی دەکات بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی خودی ڕێکخراوەکە (وەک، چاکترکردنی هەیکەلییەتی حوکمڕانی –ئیدارە-، میکانیزمەکانی مسائەلە، دروستکردنی سەرچاوەی نوێ بۆ داهات، زیاترکردنی پیشاندانی ڕێکخراوەکە بە جەماوەر، تاد). داواکاریەکە لە لایەن هەڵسەنگێنەری پسپۆڕەوە هەڵدەسەنگێندرێت و بۆ ماوەی سێ ساڵ پشتگیرییەکە دەدرێت، بەم شێوەیە ڕێکخراوەکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێت بە ڕاستیی بناغەیەک دابڕێژێت بۆ سەقامگیریی و بەردەوامیی ئاییندەی (بڕوانە نموونەکەی خوارەوە).

---

[7] لە ئوردن، (سندوقی پەروەردەی پیشەیی) هەیە بۆ گەشەپێدان و داراییکردنی بەرنامەی مەشقی پێویست بۆ پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و مەشقکردن بە دامەزراوەکان بۆ چاکترکردنی دەستگاکان، دابینکردنی کەرەستەی خاو، کەرەستەی فێرکاری و مووچەی کارمەندانی ستافی تەکنیکی. پاشگری B بەشی 1 بریتییە لە بەشێک لە "ڕێسای ئوردنی بۆ سندوقی پشتگیریی پیشەیی و تەکنیکی و پەروەردەیی" لە ٢٠٠٢

## کرواتیا: دەستگای نیشتمانی (پشتگیریی دامەزراوەیی وەک "وەبەرهێنان"ێک)[8]

*مەبەستی (پشتگیریی دامەزراوەیی) بریتییە لە زیاترکردنی ئاستی سەقامگیری و بەردەوامیی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ڕۆڵیان هەیە لە دیموکراتیزە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کرواتیان لە ڕێی پشتگیریی دارایی و پسپۆڕانە لە سەقامگیرییان و زیاتر گەشەسەندنی ڕێکخراوەیی و بەرنامەییان. پشتگیریی دامەزراوەیی بریتییە لە بەشێکی دیاریکراو لە (بەرنامەی پێدانی کۆمەک)ی (دەستگای نیشتمانی) بە مەبەستی وەبەرهێنان، لە ماوەی سێ ساڵدا، لە گەشەسەندن یان سەقامگیریی ڕێکخراوەیی کاری ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە کۆماری کرواتیان تۆمار کراون.*

*پێدانی پشتگیریی دامەزراوەیی بۆ سەقامگیری و/یان گەشەسەندنی یەکێتییەک تاکە پێدانێکی دەستگای نیشتمانییە کە بە دوو بەش ئەنجام بدرێت. بەشی یەکەم بریتییە لە پێشکەشکردنی فۆرمی داواکاری لە لایەن سەرجەم ئەو یەکێتییانەی دەیانەوێت پشتگیریی دامەزراوەیی وەربگرن. بەشی دووەم بە هەڵبژاردنی یەکێتییە هەرە پلە بەرزەکان دەست پێدەکات، ئەمەش بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنەی (ئەنجومەنی وەبەرهێنانی ستراتیجی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی). دوای ئەمەش چالاکییو کاروباری دارایی ئەو بەرنامەیەی یەکێتییەکان هەڵدەسەنگێندرێت، پاش ئەمە دوایین هەڵسەنگاندن و پلەدانان بۆ داواکارییەکان ئەنجام دەدرێت.*

## هەنگاریا: سندوقی مەدەنیی نیشتمانیی (پشتگیریی پێوانەیی)

(سندوقی مەدەنیی نیشتمانی)ی هەنگاریا (NCF) یەکێکە لەو چەند سندوقە نیشتمانییانەی ئامانجە سەرەکییەکەی بریتییە لە دابینکردنی پشتگیریی دامەزراوەیی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بە گوێرەی یاسای (NCF)، پێویستە 60% ی سەرچاوە داراییەکانی سندووقەکە بۆ پشتگیریی دامەزراوەیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕوات، و 30% ی بۆ پشتگیریی دەبێت بە گوێرەی پرۆژە و 10% ی بۆ کاروباری کارگێڕیی خودی NCF دەبێت. بڕێکی زۆر لەو پشتگیرییە دامەزراوەییەی دەدرێت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوازی پێوانەیی دەدرێت، ڕەنگە هەر داواکارێک تا بڕی 30% ی خەرجییە تەشغیلییەکانی وەربگرێت، لەناویدا بۆ مووچەی کارمەندانی، بە گوێرەی خەرجییەکانی ساڵی پێشوو.[9] هەروەها ئەم سندوقە پشتگیریی لە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مەشقکردن و گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکانی کەرتی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، بڵاوکراوە لەسەر کەرتەکە، و پشتگیریی لە بەرەوپێشبردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

---

[8] ڕاپۆرتی ساڵانەی the National Foundation for Civil Society Development (2009), http://zaklada.civilnodrustvo.hr/upload/File/eng/o_nama/godisnji_izvjestaj_o_radu/godisnji_izvjestaj_09.pdf.

[9] Nilda Bullain, “Learning Points from the National Civil Fund in Hungary,” ECNL (2008).

ئەم خشتەیە بریتییە لەو خشتەیەی NCF بەکاریدەهێنێت بۆ دیاریکردنی ئەو ئاستی پشتگیرییە دامەزراوەییەی لەبەردەستە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.[10]

| خەرجیی تەشغیلیی ساڵانە (بە هەزار، فۆرینتی هەنگاری) | زۆرترین بڕ کە دەتوانرێت پیادە بکرێت بۆ |
|---|---|
| 0 – 500,000 | 500,000 |
| 500,000 – 3,000,000 | 500,000 + 28% لەسەروو بڕی 500,000 |
| 3,000,000 – 10,000,000 | 1,200,000 + 25% لە سەروو بڕی 3,000,000 |
| 10,000,000 + | 3,000,000 + 20% لە سەروو بڕی 10,000,000 (بەڵام ئەوپەڕی (7,000,000)) |

## ئوردن: بەرنامەی قودرات (پشتگیریی نەوعی – IN KIND)

وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتیی ئوردن بەرنامەی قودرات بەڕێوە دەبات، کە نزیکەی ٢ ملیۆن دیناری ئوردنی وەک تەمویل دابین دەکات بۆ هاوکاریی لە چاکترکردنی ڕەوشی ئابووری شوێنە هەرە هەژارەکانی ئوردن. پێکهێنەرێکی پرۆژەکە پشتگیریی دامەزراوەیی بە جۆری نەوعی پێشکەش بە ڕێکخراوە کۆمەڵگەییەکان دەکات (CBO) وەک مەشقکردن بە ئامانجی تواناسازی بۆ بەشداریی لە چالاکییەکانی گەشەپێدانی خۆجێی لە ناوچەکانی خۆیان. ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵگەییانەی بەشداری دەکەن لە مەشقەکاندا دواتر شایستە دەبن بۆ وەرگرتنی کۆمەک بە مەبەستی هاوکاریکردنیان لە گەشەپێدانی چالاکیی ئەوتۆ کە داهات دروست بکات بۆ درێژەدان بە کارەکانیان لە بواری گەشەپێدانی خۆجێی.

وەزارەت ئەرکی بنیاتنانی توانا و بەرنامەی دروستکردنی گرانت (سپاردنی ئەرک، التعاقد مع جهات خارجیە، outsources) دەسپێرێت بە دوو ڕێکخراوی گەورەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئوردن، (دەستگای ڕووباری ئوردن) و (دەستگای نور حسین). ئەم دوو دەستگایە بە تەندەر هەڵبژێردراون، کە تێیدا وەزارەت (داواکاریی بۆ پێشکەشکردنی تەندەر، RFA)ی ڕاگەیاندووە و گەیاندوویەتی بەو جێبەجێکارانەی دەتوانن تواناسازی و بەرنامەکانی دروستکردنی کۆمەک دابڕێژن و جێبەجێ بکەن. وەزارەت سەرپەرشتیی کاری ئەم شەریکانە دەکات بۆ جەختکردنەوە لەوەی پرۆژەکە بە گوێرەی دیزاینەکەی جێبەجێ دەکرێت و ئامانجە داڕێژراوەکانی دەهێنێتە دی.

## 2. پشتگیریی لە پرۆژە

وەک لە سەرەوە باسمان کرد، (پشتگیریی پرۆژە) بۆ پشتگیرییە لە گەشەپێدانی کەرتەکە بۆ پرۆژە یان بۆ پرۆژەی دیاریکراو لە چوارچێوەی چەند بوارێکی دیاریکراوی ئەولەوییەتی حکومەتدا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە میکانیزمێک هەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە پرۆژانەی یان چالاکییانەی هان دەدرێن.

ئەوەی زۆر باوە، سندوقەکان و دەستگاکان بە خۆیان بڕیار دەدەن لەسەر ئەوەی دارایی کام ئەولەوییەت بکرێت. بۆ نموونە، ئەگەر ئامانجی سندوقەکە بریتی بێت لە پشتگیریی گەشەسەندنی کەرتەکە بە گشتیی، ئەوسا ڕەنگە تەمویلی پرۆژەیەک بکات

10 ئەم خشتەیە تەنێ ئامرازێکی تەکنیکییە بۆ هەڵسەنگاندنی پشتگیری، نابێتە مایەی پشتگیرییەکی "ئۆتۆماتیکی"، پێوەری تریش هەیە وەک ڕاپۆرتی شەفاف لەسەر چالاکیەکان و داراییەکان، سەرچاوەی تر بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئامانجە ڕێکخراوەییەکان و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و پێکەوە گرێدانی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئامانجەکانی هەرێمەکەوە ڕەچاو دەکرێن لە کاتێکدا بڕیار لەسەر دارایی پرۆژەیەک دەدرێت.

بۆ کارکردن لەسەر چاکسازیی لەو یاسایانەی باج کە کار دەکەنە سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە مەبەستی دروستکردنی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ سەقامگیریی و بەردەوامییان. ئەگەر ئامانجەکە بریتی بێت لە بەرەوپێشبردنی هەندێک سیاسەتی دیاریکراوی حکومەت، ئەوسا ڕەنگە سندوقەکە بڕیار لەسەر ئەو بوارانەی ئەولەوییەت بدات کە دەیەوێت پشتگیرییان بکات، بۆ نموونە، گەنجان، یان پەروەردە. بەم شێوەیەش، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی هەندێک پرۆژەی دیاریکراو پێشکەش بکەن کە بکەوێتە دووتوێی ئەو بوارانە.

## پۆڵەندا: پرۆژە بە گوێرەی پرۆپۆزەڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

(سندوقی نیشتمانیی) لە پۆڵەندا بوارێکی زۆر دەڕەخسێنێت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی پرۆژەی خۆیان دابڕێژن. (بەرنامەی دەستپێشخەریی مەدەنیی پۆڵەندا) پشتگیریی لە چالاکیی تاک دەکات "کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێبەجێی دەکەن"[11] ئەمانە بە لە یاسای "یاسای سوودی گشتی و کاری خۆبەخشانە"دا باس کراون، و چەندین چالاکیی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، وەک، پاراستنی نەریتە نەتەوەییەکان و بەها پۆڵەندییەکان، هاندان و پاراستنی مافەکانی ژنان، زانست، پەروەردە، ژینگەزانی، پاراستنی ئاژەڵ، و ئارامی و سەلامەتیی گشتیی، و زۆری تر. (بەرنامەی دەستپێشخەریی مەدەنیی) بەم شێوەیە لیستێکی دوورودرێژی داناوە بۆ چالاکییەکان، بەم شێوەیەش جەخت دەکاتەوە لەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوارێکی بەرفراوانیان بۆ دەڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی دەستپێشخەری ئەوتۆ ئەنجام بدەن و پرۆژەی ئەوتۆ پێشنیار بکەن کە بڕوایان وایە سوودیان هەیە بۆ کۆمەڵگەی پۆڵەندا.

## کازاخستان: تەمویلکردنی پرۆژەی هەندێک بواری دیاریکراو

مۆدیلی کازاخستان، تەمویلکردنی پرۆژە، هەندێک بوار دەستنیشان دەکات و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش دەتوانن پرۆپۆزەڵی خۆیان لەو بوارانەدا پێشکەش بکەن. کۆمەک (بەخشش، منحة) بۆ چوار بواری سەرەکیی دەدات: خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، بەرزکردنەوە، تواناسازیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (لێرەدا کۆمەک پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت بۆ تواناسازیی ڕێکخراوی تری کۆمەڵگەی مەدەنی)، و سیستمی خۆشگوزەرانیی منداڵان و گەنجان.[12] بە گوێرەی پێناسەکردنی بواری ئەو کارانەی ڕێکخراوەکان دەتوانن پرۆپۆزەڵیان بۆ پێشکەش بکەن، بەرنامەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی کازاخستان بە توندی کۆنترۆڵی ئەو جۆرە پرۆژانەی کردووە کە تەمویل دەکرێن.

## باشووری ئەفریقیا: پرۆسەی خۆگونجێن و فرە-کۆمەک

باشووری ئەفریقیا دوو سندوقی هەیە بۆ پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی، (ئاژانسی گەشەسەندنی نیشتمانی) (سندوقێکی نیشتمانییە سەر بە حکومەتی باشووری ئەفریقیایە) لەگەڵ (سندوقی باشووری ئەفریقیا) (ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆیە کە ئەمیش دارایی پێشکەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات)، هەردووکیان شێوازی خۆگونجێن (مرن) بەکاردەهێنن بۆ داراییکردنی بەرنامەکان، و هانی پرۆژە دەدات لە هەندێک بواردا، بەڵام بواریش هەیە بۆ داێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی.

[11] http://www.pozytek.gov.pl/Public,Benefit,and,Volunteer,Work,Act,567.htm.
[12] http://botafoundation.org.kz/?en=1.

(ئاژانسی گەشەسەندنی نیشتمانی) دوو ڕێوشوێن پیادە دەکات بۆ پرۆپۆزەڵەکان.[13] یەکەم، دەتوانێت داواکارییەک دەربکات بۆ پرۆپۆزەڵ، و دەستەی ئاژانسەکەش ئەو ڕێکخراوە هەڵدەبژێرێت کە تەمویلی دەکرێت بۆ پرۆژەکە. دووەم، ڕێوشوێنێکی هەیە بە ناوی (پێکهێنانی بەرنامە)، کە تێیدا ئاژانسەکە کار لەسەر ئەو کۆمەڵگانە دەکات کە ڕێکخراوەکانیان لاوازن، ڕێکیان دەخات، و لە هەندێک بواری سەرەکییدا تەمویلیان پێدەدات بۆ پرۆژە. ئەم بوارە سەرەکییانە بریتین لە ئاسایشی خۆراکی، گەشەسەندنی ئابووریی خۆجێی/بزنسی کۆمەڵایەتی، کۆنسۆرتیۆم و تۆڕبەندیکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکردن لە هەژاران، و تواناسازیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ڕێوشوێنی دووەم بریتییە لە شێوازێکی تایبەتی ئاژانسەکە بۆ بەخشینی کۆمەک، کە تێیدا کار لەسەر هەندێک کۆمەڵگەی دیاریکراو دەکرێت و هەندێک ئەولەوییەتی حکومەتیش بەرەوپێش دەبات، یەکەم ڕێوشوێن بریتییە لە شێوازێکی کۆنی ڕاوێژ لەسەر پرۆپۆزەڵ، و بوار دەڕەخسێنێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرنج و بۆچوونی خۆیان دەربڕن لەسەر جۆری ئەو پرۆژانەی دەیانەوێت کاری لەسەر بکەن.

(سندوقی باشووری ئەفریقیا)، کە ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەربەخۆیە و تەمویلی هەندێک پرۆژەی دیاریکراوی ڕێکخراوی تری کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، بە چەند پرۆسەیەک کۆمەک دەبەخشێت.[14] بۆ بەخشینی کۆمەک سێ پرۆسە پیادە دەکات: یەکەم، لە ڕێی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە، کە تێیدا داوای کۆبوونەوەیەکی گشتییەکی دەکرێت بۆ وەرگرتنی پرۆپۆزەڵ لە سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و کۆبوونەوەیەکی داخراو کە تێیدا داوا لە هەندێک ڕێکخراوی دیاریکراو دەکرێت پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکەن. 85% ی بودجەی سندوقەکە بۆ تەرخانکردنی ئەم پرۆژانە پێشکەش دەکرێت کە ڕاوێژیان لەسەر دەکرێت. دووەم، سندوقەکە بڕی 10% ی بودجەکەی بۆ پرۆپۆزەڵی تر پێشکەش دەکات کە لە ماوەی ساڵەکەدا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەردەگرێت. دواجار، سندوقەکە بڕی 5% یان زیاتری کۆی بودجەکە تەرخان دەکات بۆ هەڵوێست و ڕەوشی چاوەڕوان نەکراو، بۆ نموونە، ئەگەر پرۆژەیەک پێویستی بە تەمویلێکی زیاتر بێت وەک لەوەی پێشبینی کراوە.

## ئوردن: وەزارەتەکانی ژینگە و گەشەسەندنی سیاسی

دوو تەمویل کە وەزارەتەکانی حکومەتی ئوردن تەمویلیان دەکەن نموونەن لەسەر پشتگیریی بە گوێرەی پرۆژە. وەزارەتی ژینگە لە قۆناغەکانی بەرایی داڕشتنی تەمویلێکە بۆ ژینگە. ئەم سندووقە بڕی 50% لە پشتگیرییەکەی دەبەخشێت بە ئەولەوییەتەکانی (بەرنامەی نیشتمانی) لە بواری ژینگەدا (بۆ ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەت و ئەوانەی لە لایەن شەریکەوە جێبەجێ دەکرێن)، و 50%-ەکەی تریش وەک کۆمەک و قەرز دەدرێت بەو پرۆژانەی داواکارییان بۆ پێشکەش دەکرێت. سندوقەکە هەروەها پشتگیریی دامەزراوەیی پێشکەش بە داواکاران دەکات بۆ خەرجییەکانیان، وەک، خەرجی کارگێڕیی یان کۆکردنەوەی کۆمەک.

وەزارەتی گەشەسەندنی سیاسی سندوقێک بەڕێوە دەبات کە یەکێتی ئەوروپا تەمویل (دارای)ی دەکات بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی شەراکەتی ستراتیجی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ زیاترکردنی بەشداریی هاووڵاتیان لە گەشەپێدانی سەقامگیری و بەردەوامیی. توخمێک لە توخمەکانی سندوقەکە گرانت پێشکەشی ڕێکخراوەکانی گەنجان دەکات بۆ بنیاتنانی تۆڕبەندی لە نێوان گەنجانی ئەوروپا و ئوردن. لە حوزەیرانی ٢٠٠٩-

[13] 1998 SA Welfare and Pensions; 108. http://www.nda.org.za/

[14] http://www.southernafricantrust.org/grants_policy.html.

ەوە بەرنامەکە هەروەها لە ڕێی گرانتێکی یەکێتی ئەورووپاوە پشتگیری پێشکەشی پرۆژەکانی چاکترکردنی بەشداریی هاووڵاتیان دەکات لە بڕیاردانی حکومییدا. ئەم تەمویلە لە ڕێی تەندەری کێبڕکێوە دەبەخشرێت و تێیدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ تەمویلی پرۆژە.

بە گشتیی میکانیزمی سەرکەوتوو بۆ پشتگیریی پرۆژە یەکێک یان چەند بوارێک لەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- هەندێک بوار کە پێشتر دەستنیشان کراون (وەک، بۆ تەواوکردنی دەستپێشخەرییەکانی حکومەت) لەو بوارەی پشتگیریی پێشکەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، وەک:
  - بوارێکی کەم بۆ پرۆژەکان، بۆ جەختکردنەوە لەوەی پشتگیریی سندوقەکە بۆ هەندێک بواری دیاریکراو بێت و بەم شێوەیەش کاریگەرێکی گەورە لەم بوارانەدا بەدەست بهێنرێت
  - بوارێکی بەرفراوان، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت بۆ دەستپێشخەری و داهێنانی پرۆپۆزەڵ،
- پێوەر و ڕێوشوێنی ڕوون و دیاریکراو بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان، و
- ڕێوشوێنێک بۆ ئەوەی سندوقەکە بە تایبەت کار لەسەر ڕێکخراوە ڕێکخراوە لاوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات.

## C. پشتگیریی یەک ساڵە یان چەندین ساڵە؟

ڕەنگە سندوقەکە کۆمەکی دامەزراوەیی یان بە گوێرەی پرۆژە بۆ یەک ساڵ، بۆ چەندین ساڵ، یان بۆ هەردووکیان بدات. لایەنی ئەرێنیی کۆمەکی یەک ساڵە ئەوەیە بوار بۆ زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕەخسێنێت کێبڕکێ بکەن لەسەر گرانتەکان لە هەر ساڵێکی داراییدا، و پرۆسەکە ئاوەڵا دەبێت لە پێش پرۆپۆزەڵی نوێ. بوار دەڕەخسێنێت بۆ سندووقەکە ساڵانە تەمویل ئازاد بکات بۆ زنجیرەیەک پرۆپۆزەڵی نوێ.

لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە کۆمەکی چەند ساڵە بوار بۆ پرۆژەی درێژخایەن بڕەخسێنێت کە کار بۆ ئەنجام و گەشەسەندنی درێژخایەنتر دەکات. زۆر جار گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕەگی قووڵیان هەیە کە ناتوانرێت بە بێ کاری درێژخایەن چارەسەر بکرێن. بۆ بەدیهێنانی کاریگەرێکی ڕاستەقینە و درێژخایەن، پێویستە حکومەت شێوازی فرە-ساڵە بگرێتە بەر. بە هەمان شێوە بەرنامەکانی حکومەت بۆ چەند ساڵێک داڕێژراون، کاتێک بازنەکە گەورەتر بێت ئەوسا باشتر پلان دادەنرێت بۆ بەرنامەکانی تەمویل (وەک ٣-٥ ساڵ).

ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کۆمەکی چەند-ساڵە وەردەگرن سوود لە کەمکردنەوەی کولفەکان دەکەن، چونکە تەنێ یەک جار پێویستە پارەی کولفەی دەستپێکردنی پرۆژەکە بدەن، و دوا ئەوە دەتوانن جەخت بخەنە سەر جێبەجێکردنی لە ماوەی یەک ساڵدا. بەڵام، تەمویلی چەن-ساڵە ڕێخۆشکەرە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چونکە بواریان بۆ دەڕەخسێنێت جەخت بخەنە سەر کار و بەرنامەکانیان و کەمتر وزە بە کۆکردنەوەی گرانتەوە سەرف بکەن. لایەنێکی نەرێنی تەمویلی فرە-ساڵە ئەوەیە کە سندوقەکە ناچارە پابەند بێت ماوەیەکی درێژ پابەند بێت بە پشتگیریکردنی پرۆژەیەکەوە تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکان وەک ئەوەش نەبوون کە پێشبینیان دەکرا. بە تایبەتی لە حاڵەتی کۆمەکی فرە-ساڵەدا، پێویستە سندوقەکە ڕێوشوێنی ورد و ڕوون پیادە بکات بۆ هەڵپەساردنی پارەپێدانەکە ئەگەر ئەدای ڕێکخراوەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی شکست بهێنێت.

ئەگەر ڕێساکانی دارایی بوار بدەن ڕەنگە سندوقەکە بەشێک لە تەمویلەکەی تەرخان بکات بۆ پشتگیریی پرۆژەی کورتخایەن، و بەشێکی تریش تەرخان بکرێت بۆ تەمویلی هەندێک پرۆژەی دیاریکراوی چەند-ساڵە لە بوارە سەرەکییەکانی گۆڕانکارییدا.

## D. جۆرەکانی ئەو پشتگیرییەی پێشکەش دەکرێت

ڕەنگە سندوقەکە پشتگیری بە شێوەی دارایی یان بە شێوەی نەوعی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات. زۆربەی سندوقە نیشتمانییەکان پشتگیریی دارایی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، وا باوە بە شێوەی کۆمەک (بەخشش، منحة، grant). کۆمەک بریتییە لە شێوەیەکی هاوکاریی دارایی دەدرێت بە چالاکییەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەو شێوەیەی لە پرۆژەیەکی پەسەندکراوی بەخششەکەدا هاتووە. بۆ نموونە، ڕەنگە سندوقێکی نیشتمانی ٢٠٠٠ دۆلار گرانتی ڕێکخراوێک بکات بۆ گەشەپێدانی بەرنامەیەکی خوێندن و پەروەردەی هاوینە بۆ منداڵانی خەڵکی بێدەرەتان.

پشتگیریی نەوعی (in-kind) بە شێوەی کەرەستە یان خزمەتگوزارییە، وەک کۆمپیوتەر، بەرنامەی کۆمپیوتەر یان خولی مەشق بۆ تواناسازییەکی دیاریکراو. وەک لە بەشی سەرەوەدا باس کراوە سەبارەت بە (پشتگیریی دامەزراوەیی)، ئەگەر پشتگیرییەکە بە شێوەی خزمەتگوزاریی پێشکەش بکرێت، ئەوسا پێویستە سندوقەکە میکانیزم دابنێت بۆ چۆنیەتی دابینکردنی پشتگیرییەکە.

شێوەیەک لە شێوەکانی پشتگیریی نەوعی بریتییە لە دابینکردنی خەڵات و پێزانین. بۆ نموونە، (دەستگای نیشتمانیی کرواتیا) ساڵانە خەڵاتێک دەدات بۆ گەشەپێدانی خۆبەخشان، کە تێیدا پێزانین و سوپاسی ئەو قوتابخانانەی کە بە شێوەیەکی نایاب بەرنامەی خۆبەخشانە ڕێک دەخەن. هەروەها خەڵاتێکی هەیە بە ناوی "پێکەوە، باشتر دەبین" بۆ ئەو حکومەتە خۆجێیانەی هاوکارییەکی باشی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەکەن.[15]

پرسێکی تر کە پێویستە ڕەچاو بکرێت بریتییە لەوەی ئاخۆ سندوقەکە داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بەشێک لە کولفەی پرۆژەکە کۆبکەنەوە (پێی دەگوترێت "بەشداریکردن لە کولفە" یان "تەمویلی بەرامبەر" ئەمە شتێک نییە نامۆ لای حکومەتەکان یان لای تەمویلکاری تایبەت –ئەهلی-) و داوا بکەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوان 10% تا 20% ی کۆی تەمویلەکە دابین بکەن. ئەو ڕێکخراوانەی پشتگیری لە سندوقەکە وەردەگرن داوایان لێدەکرێت پارە کۆبکەنەوە، و ئەمەش دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی بێجگە لە سەرچاوەکانی تەمویلەکە پشتگیریی تریش لە چالاکییەکە دەکرێت. بایەخپێدانی زیاتر لە یەک کۆمەکبەخش بە پرۆژەکە دەبێتە مایەی درێژبوونەوەی پشتگیری و سەقامگیریی چالاکییەکانی پرۆژەکە. زۆر گرنگە هاوکێشەی بەشدارییەکە واقعییانە بێت و ئامانجی واقعی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێت.

---

[15] ڕاپۆرتی ساڵانەی National Foundation for Civil Society Development, 2009, http://zaklada.civilnodrustvo.hr/upload/File/eng/o_nama/godisnji_izvjestaj_o_radu/godisnji_izvjestaj_09.pdf.

## IV. سەرچاوەکای داراییکردن (تەمویل، FUNDING)

سەرچاوەیەکی سەقامگیری داراییکردن بەردی بناغەیە بۆ سەقامگیریی داراییکردن یان دامەزراوەیەک. بە گوێرەی ئامانجەکانی حکومەت و بڕی ئەو پرەیەی ئامادەیە بیخاتە سندوقەکەوە، ڕەنگە لە یەک یان چەند سەرچاوەیەکەوە پارە بخرێتە ناو سندوقەکە. سەرچاوە سەرەکییەکانی داراییکردن لە وڵاتانی تر بریتین لە بودجەیەک لە بودجەی حکومەتەوە، پرۆسەکانی تایبەتاندن (خصخصة) کە تێیدا بڕێک لە داهاتی پرۆژەکانی تایبەتاندن تەرخان دەکرێت بۆ سندوقەکە، پارە لە یانسین یان یاریی تری وەک یانسیب، و تەمویلی تایبەت –ئەهلی- ) کە یان بۆ تەواوکردنی تەمویلە حکومییەکەیە، یان بەسەر ئەو ڕێکخراوە نیمچە حکومییانەدا دابەش دەکرێت کە دارایی لە سەرچاوەی تایبەتەوە وەردەگرن.

### A. پابەندێتی بە تەرخانکردنی بودجەوە

چەندین وڵات پێشوەختە بڕێک پارەیان لە بودجەی دەوڵەتەوە بۆ سندوقەکە تەرخان کردووە بۆ پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لایەنی ئەرێنی ئەم جۆرە پابەندێتییە (ئیلتزامە) ئەوەیە کە حکومەت لە هەر سووڕێکی بودجەدا بڕی ئەو داراییە دەستنیشان دەکات کە دەیەوێت دابینی بکات بۆ پشتگیری لە کۆمەڵگەی مەدەنی. لە لایەکی ترەوە، بە بێ هەبوونی پارێزگاریی پێویست، ڕەنگە گۆڕانکاری لە ئەولەوییەتە سیاسییەکان ببێت بە مایەی کەمبوونەوەی بڕی داراییەکە، و ئەمەش هەڕەشە دەکات لە سەقامگیری و سەرکەوتنی درێژخایەنی سندوقەکە.

### ئەڵبانیا: ئاژانسی پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی

لە ئەڵبانیا، ئەنجومەنی وەزیران بە گوێرەی (یاسای بودجەی دەوڵەت) ڕەزامەندی لەسەر تەمویلکردنی (ئاژانسی پشتگیریی  لە کۆمەڵگەی مەدەنی) داوە. ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر ژمارەی کارمەندانی سندوقەکە، ئاستی مووچەیان، و هەروەها بڕی خەرجییە کارگێڕییەکانی سندوقەکە دەدات[16]. لە یەکەمساڵیدا بڕی ١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی خرایە ناو سندوقەکەوە. بۆ جەختکردنەوە لە درێژخایەنی و گەشەی سندوقەکە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، پێویستە بڕی ئەوپارەیەی دەخرێتە سندوقەکەوە هەمان بڕ یاخود زیاتر بێت لەو بڕە پارەیەی ساڵی پێشوو دراوە.[17]

### ئازەربایجان: ئەنجومەنی پشتگیریی دەوڵەت لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان

بە هەمان شێوە لە ئازەربایجان (ئەنجومەنی پشتگیریی دەوڵەت لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان) لەژێر بابی مادەیەک لە بودجەی حکومەت تەمویل دەکرێت کە پێی دەگوترێت "خەرجیی تر".[18] بڕی تەمویلەکە ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردووە، حکومەت لە ساڵی دووەم و سێیەمدا بڕێکی زیاتری دارایی خستە ناو سندوقەکەوە زیاتر لەوەی ساڵی دەستپێک. هەروەها،  ئێستا دانوستان لە ئارادایە بۆ ئەوەی بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر ببێت لە ڕێی

---

[16] Law on the Organization and Functioning of the Civil Society Support Agency, Article 15.

[17] Id, Article 16.

[18] تاوتوێ بە ئیمێڵ لەگەڵ محەممەد گوڵزادە (٩ حوزەیرانی ٢٠١٠).

تواناسازکردنی ئەنجومەنەکە، کە دەستەی بەڕێوەبەری سندوقەکەیە، بۆ ئەوەی بڕی پێشنیارکراوی بەرایی بەو شێوەیە تەرخان بکات کە بۆ ساڵی داهاتوو پێویستە.

بە گشتیی، دەکرێت بڕی ئەو داراییەی حکومەت لە بودجەوە تەرخانی دەکات شێوازێکی سەقامگیر و کۆنترۆڵکراوی حکومەت بێت بۆ دابینکردنی پارە بۆ سندوقەکە. سەرەڕای ئەمەش، دەتوانرێت هەندێک ڕێوشوێن بگیرێتە بەر بۆ جەختکردنەوە لە سەرکەوتنی:

- دانانی میکانیزمێک بۆ زیاترکردنی ساڵانەی بڕی ئەو داراییەی تەرخان دەکرێت بۆ سندووقەکە، یان بە لای کەمەوە ئەو بڕە کەم نەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێت بۆ گەشەسەندنی بەردەوامی
- لێکۆڵینەوە لە ئەگەری ڕێگەدان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئاگادار بن، بە لای کەمەوە بە شێوەیەکی جزئی، لە بڕی ئەو داراییەی کە پێویستە بۆ سندوقەکە دابین بکرێت.

## B. داهاتەکانی تایبەتاندن[19]

لە کۆماری چیک لە کاتی تایبەتاندن (خصخصة، privatization)ی کۆمپانیا حکومییەکاندا داهاتەکانی تایبەتاندن دابەش دەکرا بەسەر دەستگاکاندا. کۆماری چیک بڕی 1% لە داهاتی ئەم تایبەتاندنانەی تەرخان کرد بۆ (سندوقی داهاتی دامەزراوە)، ئنجاش بە شێوەی وەقف ئەم داراییانەی دابەش دەکرد بەسەر دەستگا ناوخۆییەکاندا. ئامانج لەم میکانیزمە بریتی بوو لە چاکترکردنی بنیاتنانی وەقف وەک سەرچاوەیەکی دڵنیا بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. پێویستە دەستگاکان بەلای کەمەوە بڕی وەقفەکە لە ئاستێکدا بهێڵنەوە کە لە یاسادا دیاری کراوە، بەڵام دەتوانن زیاتر لەو لای کەمە سەرف بکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی وەبەرهێنان بدۆزنەوە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانیان (ئامانجە یاساییەکان). لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڕی ٢٧ ملیۆن یۆرۆ بەسەر ٦٤ دەستگادا دابەش کرا، کە ئەو کاتە سێ-یەکی سەرجەم دەستگاکان بوو لە وڵات. دوابەدوای پیادەکردنی ئەم میکانیزمە، حکومەت هەندێک گۆڕانی کرد لە سیستمی یاسایی و باج بۆ ئەوەی سوودەکانیان زیاتر بکات. گۆڕانکارییەکان بڕێکی زۆر ئامرازی وەبەرهێنانیان بۆ دەستگاکان دابین کرد، یاسایان دا بۆ سەلامەتی و دڵنیایی وەبەرهێنان، ئەگەری بەڕێوەبردنی وەقفەکان لە لایەن دەستگا داراییەکانەوە، بەدەستهێنانی سەرمایە کە باجی لەسەر نابێت، و ڕێوشوێنی ئاسان بۆ تۆمارکردن، ئەمانەش بواریان بۆ دروستکردنی سەرمایەی ئەوتۆ ڕەخساند کە دەتوانرێت بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابەش بکرێن.

## C. داهات لە یانسیب و یاری تری خۆت و بەختی خۆت

زۆر وڵات سەرچاوەی بەدیلی دارایی ڕاستەوخۆی حکومی بەکاردەهێنن بۆ داراییکردنی سندوقی نیشتمانییان: داهاتی یانسیب و یاری تری خۆوبەختی. دەتوانرێت دارایی یانسیبەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەت یان

[19] Katerina Hadzi-Miceva and Nilda Bullain, “A Supportive Financing Framework for Social Economy Organizations,” in *The Social Economy – Building Exclusive Economies* (OECD Local Economic and Employment Development (LEED) Programme, 2007).

وەزارەتەکانییەوە، یاخود قەوارەیەکی ترەوە، دابەش بکرێت (بۆ نموونە، دەستیەک، سندوقێک)، یان هەڵسوڕێنەرانی یانسیبەکە، هەروەها دەتوانرێت داهاتەکانی یانسیب بە گوێرەی یاسا دابەش بکرێت بەسەر لیستێک سوودمەندا.[20]

لایەنی ئەرێنی لە دانانی داهاتەکانی یانسیب لە سندوقێکدا ئەوەیە کە بەردەوام بڕی ئەو داراییانەی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان دەکرێت، زیاد دەکات.[21] بە خۆی یانسیب سەرچاوەیەکی ئەرێنییە بۆ داراییکردن چونکە هەر ئەوەندەیە کە بڕێک لە داراییەک بە شێوەیەکی ئاسان ڕەوانەی سندوقی نیشتمانی دەکرێت. لە دەستپێکدا، زۆر گرنگە هەڵسەنگاندنێکی گونجاو بکرێت بۆ کولفەی وەبەرهێنانەکە لە بەرامبەر ئەو بڕە پارەیەی دەتوانرێت کۆبکرێتەوە بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان هەر کارێکی خێرخوازیی.

## شانشینی یەکگرتوو: سندوقی دابەشکردنی یانسیبی نیشتمانی و لۆتەریی مەزن

لە شانشینی یەکگرتوو (یاسای لۆتەریی نیشتمانی) و (یاسای قومار) ئەو یارییانە ڕێک دەخەنە کە پشت بە بەخت دەبەستن.[22] لە هەر پاوەندێک (£1)ی داهاتی (لۆتەریی نیشتمانیی)، بڕی بیست و هەشت پێنس (28p) تەرخان دەکرێت بۆ کاری باشە. ئنجا 50% ی ئەم (28p)ە تەرخان دەکرێت بۆ کاروباری خێرخوازی، تەندروستی، پەروەردە، و ژینگە.

(لۆتەریی نیشتمانی) لە لایەن (کۆمیسیۆنی نیشتمانیی لۆتەری)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت، و کۆمپانیایەکی سەربەخۆ بەناوی (Camelot PLC) بەڕێوەی دەبات. کۆمپانیای Camelot PLC داهاتەکانی فرۆشتنی بلیتی لۆتەرییەکە ڕەوانە دەکات بۆ (سندوقی دابەشکردنی لۆتەریی نیشتمانیی، NLDF)، ئەمیش لە لای خۆیەوە پارەکە بەسەر ١٤ دابەشکاردا بەش دەکات. هەر دابەشکارێک بریتییە لە رێکخراوێک کە شارەزایە لە کەرتێکی دیاریکراو، هەر یەکێکیان پرۆسەیەکی خۆی هەیە بۆ پێدانی کۆمەک بە رێکخراوە شایستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. دابەشکارەکان هەروەها دەتوانن لەگەڵ یەکتری پلانی هاوبەشی دارایی دابنێن.

ساڵی ٢٠٠٦ دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی 50% (١٤ پێنس لە هەر پاوەندێک) درا بە سندوقی لۆتەریی مەزن ( Big Lottery Fund)[23] بۆ بەکارهێنانی بۆ خێرخوازی، تەندروستی، پەروەردە، و ژینگە. دابەشکارێکە سەربەخۆیە و سەر بە حکومەت نییە، پێویستە بە لای کەمەوە 60 – 70% ی ئەو پارەیەی وەریدەگرێت بیدات بە کەرتەکانی خۆبەخش و کۆمەڵگەیی. سەرەڕای ئەمەش، لە رێی سندوقێکی تری لۆتەرییەکەوە، پارەی تری بەدەر لە پارەی لۆتەرییەکەش دابەش دەکات. (سندوقی لۆتەریی مەزن) چەند جۆرێک بەرنامەی کۆمەکی هەیە، وەک کۆمەکی گەورە و گرانتی بچووک بۆ ئەو رێکخراو و کۆمەڵگانەی بەشداری لە کاری (کەرتی خۆبەخشانە و مەدەنی، VCS) دەکەن لە ئینگلتەرا، سکۆتلەندا، و واڵس.[24]

---

[20] Katerina Hadzi-Miceva-Evans, “Lottery Proceeds as a Tool for Support of Good Causes and Civil Society Organizations – A Fate or a Planned Concept?” ECNL and IPA (draft awaiting publication).

[21] لە ئوردن ١٠% ی پوختەی قازانجی لۆتەری ئەرخەوانیی ئوردنی تەرخان دەکرێت بۆ (سندوقی نیشتمانی) بۆ پشتگیری لە خەڵکی کەمئەندام. بڕوانە یاسای کەمئەندامانی ئورد، مادەی ١٥، بۆ پێشاندانی وێنەیەک بڕوانە هاوپێچی C بەشی 1 لە یاسای خۆشگوزەرانیی کەمئەندامانی ئوردن.

[22] Id. See also www.lotterygoodcauses.org.uk.

[23] http://www.biglotteryfund.org.uk.

[24] BIG Lottery Fund 2009 Annual Report, available at: http://www.biglotteryfund.org.uk/annual_report_09.pdf.

## باشووری ئەفریقیا: سندوقی دابەشکردنی لۆتەریی نیشتمانی

مۆدیلی لۆتەریی نیشتمانی لە باشووری ئەفریقیا هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی ئینگلتەرا: بەڵێندەرێکی سەربەخۆ لۆتەرییەکە بەڕێوە دەبات، و ڕێکخراوێکی حکومەتیش، کە بریتییە لە (دەستەی لۆتەرییە نیشتمانییەکان)، بەڕێوەی دەبات.[25] بڕی 30% لە داهاتەکانی لۆتەرییەکە بۆ ٥ بواری بەرفراوان تەرخان دەکرێت لە ڕێی چەند ئاژانسێکی دابەشکردنەوە، کە وەزارەتەکان دایاندەنێن بەڵام سەر بە حکومەت نین. یەکێک لەم ئاژانسانە بریتییە لە (ئاژانسی دابەشکردنی خێرخوازی)، کە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی دایدەمەزرێنێت. پەرلەمان بڕیارد دەدات لەسەر ئەو هاوکێشەیەی بەکاردەهێنرێت بۆ تەرخانکردنی ڕێژەیەکی سەتیی دارایییەکە بۆ هەر بوارێک.

میکانیزمی دابەشکردنی دارایییەکانی (سندوقی دابەشکردنی لۆتەریی نیشتمانی) ڕووبەڕووی هەندێک ڕەخنە بووەوە. یەکێک لەوانە بریتی بوو لە سکاڵا کردن لە نەبوونی شەفافییەت لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری و پرۆسەکردنی داواکارییەکان، کە وەک پێویست نین. سندوقەکە تەنێ بڕێکی کەم لەو پارەیە دابەش دەکات کە لە لۆتەرییەکان دەست دەکەون، لە ئەنجامیشدا، هەندێک ڕێوشوێنی نوێ پیادە کرا بۆ دابەشکردنی داهاتەکان. وانە و پەندەکانی لۆتەرییەکەی باشووری ئەفریقیا ئەوە پیشان دەدات کە پێویستە میکانیزمی شەفاف، بەرپرسیارانە، و چوست (کفۆ، efficient) هەبێت بۆ دابەشکردنی دارایییەکان.

## کرواتیا: دەستگای نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە کرواتیان داهاتەکانی لۆتەری وەک بناغەیەک بەکارهێنرا بۆ دامەزراندنی (دەستگای نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی). دەستگای نیشتمانی لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزرا و خاوەنی ٢ ملیۆن کونای کرواتی بوو (نزیکەی 275, 000 یۆرۆ) و بەردەوام لە یارییەکانی خۆوبەختی و بودجەی دەوڵەتەوە پارەی بۆ دەهات. ساڵی ٢٠٠٨ موڵکوماڵ (ئسووڵ)ی دەستگاکە گەیشتە ٤٦ ملیۆن کونای کرواتی (نزیکەی 6.3 ملیۆن یۆرۆ)، لەم پارەیە بڕی ٤٣ ملیۆن کونا (نزیکەی 5.9 ملیۆن یۆرۆ)ی لە یارییەکانی خۆوبەختییەوە هاتبوو.[26]

## D. سەرچاوەی تری دارایی

بێجگە لە حکومەت، دەتوانرێت لە سەرچاوەی تریشەوە دارایی وەربگیرێت، وەک کۆمەکبەخشی تایبەت –ئەهلی- یان فرەلایەن، ئەو رسوم و غەرامانەی حکومەت کۆیان دەکاتەوە، یان تەنانەت غەرامەی دادگاکان، وەک لە خوارەوە پیشان دراوە.27 لە چەند وڵاتێک، ڕێکخراوە نیمچە حکومییەکان یان سەربەخۆکان وەک سندوقێکی نیشتمانی کار دەکەن، کە سەرپەرشتییەکانیان یان سەرۆکەکانیان ئەندام (کامەند)ێکی حکومەتە و پارە بەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییدا دابەش دەکات. زۆر جار، پارە لە شوێنی تر وەردەگرن جیاواز لە سەرچاوە

---

[25] http://www.nlb.org.za/nldtf.asp ; see also Dr. Stephen Louw, “Smoke and Mirrors,” University of Witwatersrand Department of Political Science, http://www.sarpn.org.za/documents/d0000032.

[26] ڕاپۆرتی ساڵانەی the National Foundation for Civil Society Development, 2008
http://zaklada.civilnodrustvo.hr/upload/File/eng/o_nama/godisnji_izvjestaj_o_radu/annual_report_2008.pdf

[27] بە گوێرەی مادەی ٩ لە یاسای سندوقی پشتگیریی ژینگە لە ئوردن، ڕێکخراوەکان دەتوانن پارە وەربگرن لە دەستگای گشتیی نیشتمانی و تایبەت، هەروەها لە ڕێکخراوە عەرەبییەکان و هەرێمایەتییەکان و نێودەوڵەتییەکان. ئێمە بەشێکی پەیوەندارمان لە ڕێساکانی سندوقی پاراستنی ژینگەی ساڵی ٢٠٠٩ لە پاشگری C بەشی 2 هاوپێچ کردووە.

باوەکانی داهاتی حکومەت. لە جیاتی ئەمە، ڕەنگە گرانت لە کۆمەکبەخشی دوولایەنە و فرەلایەنە، کۆمپانیا و قەوارەی تری ئەهلی وەربگرن، یان پارە لە دەستگاکان، وەربگرن، یان داهاتی خۆیان هەبێت.

لایەنی باشەی بەکارهێنانی سەرچاوەی تایبەت –ئەهلی– ئەوەیە کە تەواوکەری تەمویلی حکومییە و دەتوانن ئاستی ئەو داراییانە زیاتر بکەن کە دەخرێتە پێش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام هەندێک ئاستەنگ و گیروگرفتیشی هەیە. ڕەنگە بەرژەوەندیی حکومەت و سپۆنسەرە ئەهلییەکان لێک جیاواز بێت. سەرەڕای ئەمە، لە هەندێک حاڵەتدا، کۆمەکبەخشی ئەهلی دەیەوێت کۆنترۆڵی ئەو داراییانە بکات کە بە کۆمەک دەیدات.

## کازاخستان: بەرنامەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دەستگای بۆتا

لە کازاخستان (بەرنامەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دەستگای بۆتا) لە ڕووی داراییەوە پشتگیریی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کازاخستان دەکات. بە گوێرەی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان، حکومەتی کازاخستان، و حکومەتی سویسرا، دەستگای بۆتا دارایی بە بڕی ٨٤ ملیۆن دۆلار وەردەگرێت لە حسابێکی بانکی سویسرییەوە. بە سەرپەرشتیی بانکی جیهانی، منداڵپارێزی، و ئایرێکس، دەستگای بۆتا سەرپەرشتیی وەرگرتن و بەکارهێنانی داراییەکان دەکات بە شێوەیەکی گونجاو. ئەگەرچی دەستگای بۆتا لە بەراییدا بە فەرمانێکی سەرۆک وەزیران دامەزرا لە ١١ ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، بەڵام ئێستا دەستگای بۆتا وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکات و سەر بە حکومەت نییە.

ئەگەرچی دەستگای بۆتا سندوقێک نییە کە حکومەت بەڕێوەی ببات، و پارەکانی لە سەرچاوەی نائاساییەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی دەرخستووە کە دەتوانێت دەستگایەکی گونجاو و سوودبەخش بێت بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرچاوەی دارایی جۆراوجۆر و داهێنەرانەوە.

## ئیماراتە یەکگرتووەکانی عەرەب: (DUBAI CARES)

سەرکردەکانی وڵاتانی کەنداو و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناوبەناو دەستگای نیمچە حکومی دادەمەزرێنن کە یارمەتیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدەن یان پشتگیری لە هەندێک بابەتی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دەکەن لە ڕێی شەراکەت لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. بۆ نموونە، لە ٢٠٠٧ شێخ محەممەد بن ڕەشید ئەلمەکتوم ( Dubai Cares)ی دامەزراند، شێخ محەممەد جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ئیمارە یەکگرتووەکانی عەرەبە. ئامانجی دوبەی کێرز بریتییە لە چاکترکردنی دەستگەیشتن بە خوێندن و پەروەردەی بنەڕەتی بۆ منداڵان لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو. دوبەی کێرز کۆمەک لە کۆمپانیاکان، یانە کۆمەڵایەتییەکان، و تاکەکەسەکان وەردەگرێت، سەرەڕای ئەمانەش لە بەراییدا شێخ لە دارایی تایبەتی خۆی پارەی تێدەخست. دوبەی کێرز ١ ملیار دۆلاری هەیە[28]. بە پێچەوانەی (سندوقی نیشتمانی)ەوە، دوبەی کێرز تەمویلی ڕاستەوخۆ نادات بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئیمارات، لە جیاتی ئەمە شەراکەت لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک کێر ئینتەرناشناڵ، دکتۆران بە بێ سنوور، یونسێف، و هی تر دەکات.

[28] http://www.dubaicares.ae/Introduction

(یاسای کۆمەڵەکان)ی ئوردن چوارچێوەی یاسایی (سندوقی پشتگیریی کۆمەڵەکان)ە. زۆر گرنگە لێرەدا بایەخ بەو دەستانەش بدەین کە سندوقەکە بەڕێوە دەبەن و چۆن بەرپرسیارێتییەکانیان ئەنجام دەدەن. وەک ڕەچاوکردنی ڕۆڵ و بەشداریی حکومەت لە کاری سندوقەکە، کار و ئەرکەکانی دەستەکانی بەڕێوەبردنی سندوقەکە، چۆنیەتی هەڵبژاردن و بەشداریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەڕێوەبردنی سندوقەکە، و کاروباری نووسینی ڕاپۆرت، شەفافییەت و بەرپرسیاربوون (مسائلە).

ڕۆڵ و بەشداریی حکومەت لە کاری سندوقەکە ڕەنگە کاروباری بڕیاردان، پێکهێنانی دەستەکانی بەڕێوەبردن، و/یان کاروباری سەپەرشتی بگرێتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، حکومەت گروپێکی ئاوێتە لە کۆمەڵگەی مەدەنی، نوێنەران یان سەرکردەکان و بەرپرسەکان هەڵدەبژێرێت بۆ دەستەی بەڕێوەبردن یان ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقەکە.[29] بەڵام ئاستی کۆنترۆڵکردن بەسەرە بەڕێوەبردن و کارگێڕی سندوقەکە و دامەزراندن یان هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێکهاتەی سندوقەکەدا، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە.

## A. ڕۆڵی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەستە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سندوقەکە

پێویستە حکومەت دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکانی دەستەی بەڕێوەبردن و ستافی سندوقەکە دەستنیشان و پێناسە بکات، و ڕۆڵی خۆی، ئەگەر هەبێت، لە هەر یەکێک لەم گروپانەدا دەستنیشان بکات.[30] بە گشتیی، (دەستە، الهیئة، Board) پلانی ستراتیجیی درێژخایەن دادەڕێژێت بۆ ڕێکخراوێک، یان لەم حاڵەتەدا، بۆ (سندوقی نیشتمانی). ئامانجە درێژخایەنەکان و ئامانجەکانی ساڵانە پەسەند دەکات، سەرپەرشتیی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی و بەرنامەکانی سندوقەکە دەکات، و بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی ئەدای ڕێکخراوەکە. لە لایەکی ترەوە ستافەکە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی سندوقەکە. بەرنامەکان بەڕێوە دەبەن و کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکەن، جەخت لەوە دەکەنەوە خەرجییەکان لە چوارچێوەی بودجەی سندوقەکەدا بمێنێتەوە، جەخت لەوە دەکەنەوە بڕیارەکانی دەستەکە جێبەجێ بکرێت، ڕاپۆرت لەسەر ئەدا و تۆمارەکان ئامادە دەکەن، و ڕەنگە بودجەی بەرایی ئامادە بکەن بۆ ئەوەی دەستەکە پەسەندی بکات.

ئەگەرچی دوایین بڕیار لەسەر فۆرمەکانی داواکاری لە دەسەلاتی دەستەکەیە، بەڵام پرسی ئەوەی کە کێ هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بۆ سندوقەکە، جۆراوجۆرە. دەتوانرێت ئەم ئەرکە بسپێردرێت بە:

- دەستەی بەڕێوەبەرییەکە بە خۆی،
- دەستەی ڕاوێژکاریی،

29 بە گوێرەی مادەی III لە یاسای ئاژانسی پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەلبانیا (CSSA)، ئەنجومەنی وەزیران پێنج کاندیدات هەڵدەبژێرێت لە کۆی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەیانپاڵێوێت بۆ ئەندامێتی لە دەستەی سەرپەرشتیاری، بە جەختکردنەوە لەوەی هیچ دوو نوێنەرێک هی هەمان ڕێکخراو یان بوار بوون. لە هەنگاریا ۱۲ ئەندام لە ۱۷ ئەندامەکەی ئەنجومەنی سندوقی نیشتمانیی مەدەنی پێویستە نوێنەرایتیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن. بڕوانە مادەی ٤ (٢). ئەو بەشەی CSSA و یاسای سندوقی نیشتمانیی مەدەنیی ٢٠٠٣ مان لە پاشگری E داناوە لە بەشی ١ و ٢.

30 وەک نموونەیەک بڕوانە پاشگری D لە بەشی، ١، یاسای ئەلبانیا بۆ ئاژانسی پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی. کە ڕێکخراوی جۆراوجۆری CSSA پیشان دەدات و ڕێنمایی دادەنێت بۆ ئاسایی دەستەی سەرپەرشتیاریی.

- ستافەکە، یان
- هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ بە پارە

بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ پرۆپۆزەڵەکان هەڵدەسەنگێنێت پشت دەبەستێت بە چەند فاکتەرێک، وەک ژمارەی پرۆپۆزەڵەکان یان قەبارەی ئەو کەرەستەیەی هەڵدەسەنگێندرێت، ئاستی مەعریفیی پسپۆڕی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە تەکنیکییەکانی پرۆپۆزەڵەکان، توانای ستاف و دەستەکە، و شێوە و پێگەی سندوقەکە. (بۆ نموونە ئەگەر ئامانجی سندوقەکە بریتی بێت لە بەرەوپێشبردنی شێوە و سیمای ئەوەی کە لە لایەنی سیاسییەوە سەربەخۆ و بێلایەنە، ئەوسا وا پەسەندە دەستەیەک بە بەڕێوەبەرایەتیی پسپۆڕان و ئنجا دەستەیەک ڕاوێژکاری دەرەکی یان پسپۆڕ بە پارە دابنرێت بۆ دەستەی بەڕێوەبردن، یان بە خودی ستافەکە).

یەکێک لە پرسیارەکانی بواری هەڵسەنگاندن یان لیژنەی هەڵبژاردن بریتییە لەوەی ئاخۆ پێویستە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لەخۆبگرێت، ئەگەر لەخۆی بگرێت، چۆن ئەمانە هەڵبژێردرێن یان دابمەزرێن؟ بەشداریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی واتە خەڵکێک نوێنەرایەتییان هەیە لە لیژنەکە کە ئاگاداری مەیدانەکەن، لە گرفتەکان تێدەگەن و لە لایەنی سیاسییەوە سەربەخۆ و بێلایەنن. بەڵام ڕەنگە بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببێتە مایەی پێکدادانی بەرژەوەندیی (تضارب المصالح)، و سەلمێنراوە بە زەحمەت دەتوانرێت خۆ لەوە بپارێزرێت، بۆ ئەوەی خۆ بپارێزرێت لە پێکدادانی بەرژەوەندی، لە هەندێک وڵات وەک کرواتیا، هەندێک ڕێسایان پیادە کردووە لەم بوارەدا.[31] سەرەڕای ئەمەش، زەحمەتە پێوەر دابنرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە تەنێ هەر لەبەرئەوەی نوێنەرەکە کار بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو مەعریفەی پێویستی هەیە لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراو. هەروەها، ڕەنگە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەزموونیان نەبێت لە کۆکردنەوەی گرانتدا. بە گوێرەی بارودۆخە ناوخۆییەکە دەتوانرێت شێوازی شەفاف دابڕێژرێت و بەکاربهێنرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامان. بۆ نموونە، لە ئەستۆنیا کێبڕکێیەکی کراوە لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام درا بۆ داواکاری بۆ ئەندامێتی لە دەستەکە، و بڕیاردان لەسەر پاڵێوراوەکان بە دەست لیژنەیەکی هاوبەشی حکومەت-ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو بۆ جێبەجێکردنی (EKAK)، واتە (پەیماننامە –چەمک-ی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە ئەستۆنیا).

نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن سوود لە زانیارییەکانیان وەربگرن لەسەر پێداویستیەکان و بەرنامە هەنووکەییەکانی مەیدان بۆ دانانی بەرنامە و چاودێریکردن، بەڵام ناتوانن ڕاستەوخۆ بەشدار بن لە بڕیاردان لە بەخشینی کۆمەک ( بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەگەر نوێنەر نەبوونایە شایستەی وەرگرتنی کۆمەک دەبوون). ئەمە مانای ئەوە نییە کەسێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئەندامە، یان بەرپرسە یان ئەندامی دەستەیە نابێت لە دەستەیەکی حکومییدا دابنیشێت کە بڕیار بدات لەسەر پێدانی کۆمەک، بەڵام، وەک شێوازێکی

---

31 بە مەبەستی خۆپاراستن لە ئەگەری پێکدادانی بەرژەوەندییە، لە ئەڵبانیا، ئەندامانی دەستەی سەرپەرشتیاری یان هەر ئۆرگانێکی تری CSSA ناتوانێت دەنگ بدات یان بەشداری بکات لە دەنگدان لە بڕیاردانیدا، ئەگەر خۆی، هاوسەرەکەی، کەسێکی تەبەنیکراو یان تەبەنیکار بەرژەوەندیی دارایییان هەبێت لە بابەتەکەدا. بڕوانە مادەی ١٤، ئێمە نوسخەیەکمان لە یاسای ئەلبانیا بۆ ئاژانسی پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوپێچ کردووە لە پاشگری D بەشی ١.

باش پێشنیاری ئەوە دەکرێت ئەو ڕێکخراوەی ئەم کەسە ئەندامە تێیدا، بۆی نەبێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی کۆمەک. [32]

بۆ نموونە، لە (مادەکانی یەکێتیی دەستگای نیشتمانیی ئەستۆنیا) (مادەی 3.10.2) هاتووە:

> *"نابێت ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاریی بەرژەوەندییەکی شەخسیی هەبێت لە وەرگرتنی ئەو سوودانەی دەستگاکە دابەشی دەکات. لە حاڵەتی پێکدادانی بەرژەوەندییدا، و هەروەها کاتێک پرسیار دروست ببێت لەسەر ئەنجامدانی حەواڵەیەک لە نێوان ئەندامێکی دەستەی سەرپەرشتیاری و دەستگاکە یان بابەتی ناکۆکییەکی دادگا لەگەڵی، ئەوسا نابێت ئەو ئەندامەی دەستەی سەرپەرشتیاری بەشداری بکات لە بڕیاردان لەسەر پرسەکە و نابێت دەنگ لەسەر ئەو پرسە بدات."*

## هەنگاریا: سندوقیی نیشتمانیی مەدەنی

(سندوقی نیشتمانیی مەدەنی) لە هەنگاریا لە لایەن ژمارەیەک نوێنەری حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەڕێوە دەبرێت. [33] ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی هەیە کاروباری گشتیی سندوقەکە بەڕێوە ببات: ئەولەوییەت دادەنێت بۆ سندوقەکە، سەرچاوەکانی تەرخان دەکات، و ڕێسای گشتیی دادەنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پشتگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەندامەکانی پێک دێت لە دوو نوێنەری (لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمان)، سێ نوێنەری وەزارەت، و دوانزە نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی. لەو دوانزە نوێنەرەی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێنج کەسیان لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە لە ئاستی وڵاتدا هەڵدەبژێردرێن، و حەوتەکەی تر لە ئاستی هەرێمەکاندا هەڵدەبژێردرێن.

بڕیارە تەشغیلییەکانی سندوقەکە سەبارەت بە پرۆپۆزەڵەکانی گرانتەکە لە لایەن یازدە "کۆلیژ"ەکەوە ئەنجام دەدرێت. هەر کۆلیژێک لە پێنج تا حەوت ئەندام پێک دێت، زۆربەیان نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنین و لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەڵدەبژێردرێن بە گوێرەی سیستمی هەڵبژاردن. لەم سیستمەدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەنگدەر دەنێرن بۆ ئەنجومەنی هەڵبژاردن، هەر دەنگدەرێک نوێنەری یەک ڕێکخراوە. لە ئەنجومەنەکاندا، پاڵێوراوەکان لە لایەن دەنگدەرەکانەوە دەپاڵێورێن، کە ڕەنگە بە خۆیشیان پاڵێوراو بن. ئەو پاڵێوراوانەی زۆرترینی دەنگەکان بەدەست بهێنن دەبن بە ئەندامی کۆلیژەکان و بۆ ماوەی سێ ساڵ خزمەتی تێدا دەکەن.

بەم شێوەیە، ئەگەرچی حکومەتی هەنگاریا دەسەڵاتی بڕیار دروستکردن و سەرپەرشتیاری بەسەر سندوقەکەوە لە دەستی خۆی دەهێڵێتەوە، لەناویدا ئەوانەی نوێنەرایەتی دەکەن لە ئەنجومەنەکەش و لە کۆلیژەکانیش، بەڵام بواری ڕەخساندووە بەشێک لە بەرپرسیارێتییەکان بچێتە دەستی نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. [34]

---

.ECNL, “State Funding for NGOs: Principles and Practices in Tendering” (awaiting publication, paper on file with ECNL) 32

.“National Civil Fund in Hungary,” ECNL 2008 33

34 مادەی ٧ لە یاسای سندوقی نیشتمانیی مەدەنی لە هەنگاریا پاشگری E بەشی ٢ تێدایە، و ڕێنمایی زۆری تێدایە لەسەر ڕێگرتن لە پێکدادانی ناکۆکی، بۆ نموونە، یاسا ڕێگە نادات ئەندامێکی ئەنجومەن ببێت بە ئەندامی کۆلیژیش.

بەڕێوەبردنی (سندوقی باشووری ئەفریقیا) هاوشێوەی ئەوەی هەنگاریایە، لەوەدا کە ڕۆڵێکی بەرچاو دراوە بە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام، حکومەت دەسەڵاتێکی زیاتری بۆ خۆی هێشتۆتەوە لە بواری سەرپەرشتیی سندوقەکە لە ڕێی زیاترکردنی ڕێژەی نوێنەرانی حکومەت بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و دەسەلاتی داوە بە وەزارەتی گەشەسەندنی کۆمەلایەتی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابمەزرێنێت.[35]

(ئاژانسی گەشەسەندنی نیشتمانیی)، کە بریتییە لە سندوقی باشووری ئەفریقیا بۆ پشتگیری لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار سەرۆکایەتی دەکات. بەرێوەبەری جێبەجێکار لە لایەن وەزیری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە دادەمەزرێندرێت و پێنج ساڵ لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە. بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری ئاژانسەکە، وەزیر پانێلێک پێک دەهێنێت، ئەم پانێڵە لە ژمارەیەکی یەکسان ئەندامی نوێنەرانی وەزارەتی دەوڵەت و پسپۆڕانی ناحکومیی بواری گەشەسەندن پێک دێت. ئنجا پانێڵەکە ژمارەیەک پاڵێوراوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی شۆرتلیست دەکات و پێشکەشی وەزیری دەکات، ئەمیش لە رۆژنامە و میدیاکاندا بانگهێشت بۆ پالاوتنەکە دەکات. کاتێک پانێڵەکە شۆرتلیستی پاڵێوراوەکانی دانا، ئەوسا وەزیر بە خۆی شەش کەسیان هەڵدەبژێرێت. ئەم شەش نوێنەرەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن وەزیرەکەوە دادەمەزرێن، لەگەڵ پێنج ئەندامی تری کارمەندی حکومی کە دیسان وەزیر دایاندەمەزرێنێت، بریتی دەبن لە دەستەی بەڕێوەبەری ئاژانسی گەشەسەندنی نیشتمانیی. پێویستە ناوەکانیان لە ماوەی سی ڕۆژ لە رۆژی دامەزراندنییانەوە ڕابگەیەندرێت و بڵاو بکرێتەوە. بۆ ماوەی سێ ساڵ لەم پۆستەدا خزمەت دەکەن.

پێویستە وەزیرەکە بە گوێرەی هەندێک ڕێوشوێنی دیاریکراو ئەندامانی دەستەکە دابمەزرێنێت: یەکەم، پێویستە ئەندام نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی باشووری ئەفریقیا بکات، و دووەم، بایەخێکی تایبەتی بدات بە ڕەگەز، جێندەر، کەمئەندامێتی، و دابەشبوونی جوگرافیی کاندیداتەکان. بە گوێرەی یاسای دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئاژانسەکە، لە ڕێوشوێنەکانی دەستەکەدا هاتووە کە کاتێک دەستەکە هەڵدەبژێردرێت و بە مەبەستی دامەزراندنی سەرۆکێک بۆ دەستەکە، پێویستە لیژنەی بەڕێوەبردن دابمەزرێندرێت، و کار لەسەر حاڵەتی پۆستە بەتاڵەکە یان وازهێنان لە پۆستەکە، بکات.

## تورکیا: سندوقی هاوکاریی کۆمەڵایەتی و حەوافزی هاوپشتیی

لە تورکیا بە سندوقی نیشتمانی بۆ پشتگیری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگوترێت (سندوقی هاوکاریی کۆمەڵایەتی و حەوافزی هاوپشتیی).[36] مۆدیلە تورکییەکە زیاتر لامەرکەزییە لە مۆدیلە هەنگارییەکە و ئەوەی باشووری ئەفریقیا، ٩٣١ دەستگای هەرێمایەتیی هەیە. هەر دەستگایەک (دەستەی متمانەداران)ی خۆی هەیە. بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی باشووری ئەفریقیا و هەنگاریا، حکومەتی تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی دەستە هەرێمایەتییەکان دەکات

35 .1998 SA Welfare and Pensions 108

36 .“Assessment of the Legal Framework for Cooperation between the CSOs and the Government in Turkey,” ECNL, (2006)

سەرۆکی هەر دەستگایەک لە دەستگاکانی هەرێمایەتیی (سندوقی هاوکاریی کۆمەڵایەتیی و حەوافزی هاوپشتیی) بریتییە لە گەورەترین بەرپرس لە پارێزگاکە، کە یان پارێزگارە یاخود جێگری پارێزگارە. دەستەی متمانەداران بە شێوەیەکی سەرەکی لە نوێنەرانی حکومەت پێک دێت: قایمقام، ژمێریاری شارەوانی، بەڕێوەبەری پەروەردە لە قەزا، بەڕێوەبەری تەندروستی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵ، بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆشگوزەرانیی منداڵان، و بەرپرسی کاروباری ئایین- سەر بە حکومەت. سەرەڕای ئەمە، نوێنەرانی گەڕەکەکان یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دوو یان سێ نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەبژێرن وەک متمانەدار. ئنجا، داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیی سندوقەکەدا ئامادە بن.

## B. مەرجەکانی شەفافییەت و مسائەلە

پێویستە جەخت لە مەرجەکانی ڕاپۆرتنووسین، شەفافییەت، بەرپرسیاربوون (مسائەلە، accountability) بکرێت بۆ بەڕێوەبردنی گشتیی کاروبارەکانی سندوقەکە بۆ جەختکردنەوە لە پاراستنی ڕەوایەتیی سندوقەکە. کاتێک مەرجەکان دادەڕێژرێن بۆ جەختکردنەوە لەوەی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە داراییەکان بەڕێوە ببرێن پێویستە ئەم بابەتانە ڕەچاو بکرێن:

- بەشداریی سوودمەندەکان لە دانانی بەرنامەکان ( پێویستی بە هەڵسەنگاندنە) لەگەڵ هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی سندوقەکە،
- هەبوون و دەستگەیشتن بە ڕێساکانی بەڕێوەبردن و بەڵگەنامەکان (زۆربەی سندوقەکان وێبسایتی خۆیان هەیە کە ستراتیج و پێڕەو و سیاسەتەکانی خۆیانی تێدا بڵاودەکەنەوە)
- ئاگادارکردنەوە لە ڕۆژ و کاتی کۆبوونەوەی دەستەکە، و کۆنووسی کۆبوونەوەکان (سندوقەکەی هەنگاریا هەمیشە ژوانی کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنەکە و کۆلیژەکان ڕادەگەیەنێت، لە ئینتەرنێت کۆنووسی کۆبوونەوەکان بڵاودەکەنەوە)
- ڕێسای ڕوون سەبارەت بە پێکدادانی بەرژەوەندی
- سندوقەکە ڕاپۆرت بۆ کێ بەرز دەکاتەوە، و هەبوونی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر چالاکییەکانی سندوقەکە،
- هەبوونی ناونیشانی ستافی سەرەکی (بەڕێوەبەر، و بەرپرسەکانی بەرنامەکان) و زانیاری لەسەر ئەندامانی دەستەکە

کارێکی باشە ماوەی خزمەتی ئەندامانی دەستەکە دیاری بکرێت. بۆ نموونە، (سندوقی مەدەنیی نیشتمانی)ی هەنگاریا نوێنەرانی ئەنجومەن و کۆلیژ بۆ دوو (٢) ساڵ هەڵدەبژێرێت، ئەندامانی دەستەی (دەستگای نیشتمانی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی)ی ئەستۆنای بۆ ماوەی سێ (٣) ساڵ خزمەت دەکەن، و ئەندامانی دەستەی (دەستگای نیشتمانیی کرواتیا) بۆ چوار (٤) ساڵ خزمەت دەکەن.

سندوقی مەدەنیی نیشتمانی لە هەنگاریا ڕووبەڕووی زۆر ڕەخنە بوەوە لەبەر نەبوونی پاراستن لە پێکدادانی بەرژەوەندی. (دەستەی سندوقی مەدەنی نیشتمانی) لە نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت پێک هاتبوو، و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییش شایستە بوون بۆ وەرگرتنی دارایی لە سندوقی مەدەنی.[37] هەروەها، هیچ ڕێنماییەک نەبوو بۆ ڕێگیری لە دەنگدانی نوێنەرەکان لەو کاروبارانەی پەیوەندییان هەیە بە بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیانەوە. لە ئەنجامدا، ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەستیان هەبوو لە دروستکردنی بڕیار لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو ئەو داراییانەیان وەردەگرت کە داواکارییان بۆ پێشکەش دەکرد، بەڵام ڕێکخراوەکانی تر دەستیان نەدەکەوت. دواجار، ڕەخنەی کۆمەڵگە و وەزیر بووە مایەی تەبەننی کردنی ڕێسایەکی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی پێکدادانی بەرژەوەندی.

---

.“National Civil Fund in Hungary,” ECNL (2008) 37

# VI. بەڕێوەبردن و کاروباری تری کارگێڕی

سندوقەکە کاروباری رۆژانەی خۆی لە رێگەی تیمێکەوە بەڕێوە دەبات بە بەڕێوەبەرایەتی یەک کەس یان زیاتر. سندوقەکە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ و مادە و ریساکانی یەکێتییەکان و رێسا نێوخۆییەکانی کار دەکات، ئەمانە باسی سترەکچەری رێکخراوەیی و ستاف و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی پۆستە سەرەکییەکان دەکەن، هەروەها مولکومالّ (اصول) و نووسینی راپۆرت و هەندێک کاروباری تری رۆژانە.[38] رێسای روون بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردن و هەلّسووڕان رێگە خۆش دەکەن بۆ پتەوکردن و پرۆفیشنەلّکردنی کاری سندووقەکە.

## A. بەڕێوەبەری سندوق

ئەو ولآتانەی لێکۆلّینەوەیان لەسەر کراوە کەسێکیان هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و کارەکانی سندوقەکە، بە ناونیشانی "بەڕێوەبەر" یان "کارگێڕ". ئەم کەسە وا باوە دەسەلآتی پێدراوە و دەتوانێت ئەندامی پێشووی (دەستەی بەڕێوەبردن) بوو بێت. (واتە، دەتوانێت بەشداری بکات لە کاری دەستەکە بەلآم بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت). وا باوە بەڕێوەبەرەکە لە دەرەوە و لە رێی کێبڕکێوە دادەمەزرێت. بەڕێوەبەر ڕەنگە مافی هەبێت هەندێک بابەت پێشنیار بکات بۆ ناو خشتەی کار (ئەجێندا)ی دەستەکە، و دەکرێت بەدەر بکرێت لە بەشداریی لە تاوتوێکانی دەستەکە کاتێک ئەم تاوتوێیانە تایبەت بن بە باسی دامەزراندنی ئەو.

ئەرکە سەرەکییەکانی بەڕێوەبەر یان کارگێڕ ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەکە (وەک، دارشتن و جەختکردنەوە لە پیادەکردنی بەرنامەکانی کۆمەک و دابەشکردنیان)،
- دارشتنی سیاسەتی ناوخۆیی رێکخراوەکە ( وا باوە دەستەکە پەسەندی بکات، وەک، سیاسەتی بواری سەرچاوە مرۆییەکان، سیاسەتەکانی گەیاندن)،
- نوێنەرایەتی سندوقەکە (نوێنەرایەتی سندوقەکە، ئیمزاکردنی گرێبەست و رێککەوتننامەی گرانت)،
- پەیوەندییە گشتییەکان (وەک بۆ میدیا، دەرکردنی گەیاندنی فەرمیی پەیوەست بە سندوقەکە)،
- دامەزراندن و دەرکردنی ستاف بۆ سندوقەکە، و
- نووسینی راپۆرت بۆ دەستەکە (راپۆرتی دارایی، ئەنجامەکانی چالاکییەکانی چاودێری و هەلّسەنگاندن).

***ئاژانسی پشتگیریی کۆمەلّگەی مەدەنی (CSSA) لە ئەلّبانیا: بەڕێوەبەری جێبەجێکار***

*بەڕێوەبەری جێبەجێکار بە بڕیاری (دەستەی سەرپەرشتیار) دادەمەزرێت بە زۆرینەی سادەی سەرجەم ئەندامەکانی. ئەندامانی ئێستای دەستەی سەرپەرشتیاری و/یان قەرزدەرانی CSSA.*

[38] وەک نموونە لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بۆ بەڕێوەبردنی دارایی ئێمە هەندێک بەشمان لە یاسای رێکخستنی سندوقی پاراستنی ژینگە سالّی ٢٠٠٩ و رێکخستنی سندوقی پشتگیریی قوتابیان لە زانکۆکانی ئوردنی بە فەرمی لە زانکۆی ئوردنی لە ٢٠٠٤ وەک پاشگری D لە بەشی ٢ و ٣.

*هەروەها خزمەکانیان تا خزمی پلە دوو، بۆیان نییە وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکار دابمەزرێن.*

*نابێت هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەنێو کەمتر لە سێ کێبڕکێکار ئەنجام بدرێت.*

*بەڕێوەبەری جێبەجێکار چالاکییەکانی CSSA بەڕێوە دەبات و، سەرپەرشتی دەکات، وەک دامەزراندن و کارگێڕیی کارمەندان، بە گوێرەی یاساکان، پێڕەوی ناوخۆی CSSA و بڕیارەکانی دەستەی سەرپەرشتی،*

*دەتوانرێت بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە کارەکەی لاببرێت ئەگەر:*

*a) یاسای CSSA پێشێل بکات*
*b) پێکدادانی بەرژەوەندیی هەبێت لەگەڵ CSSA*
*c) سمعەی CSSA بشێوێنێت*
*d) بێ-توانا بێت، و دوو جار لەسەر یەک کارەکانی بە نەرێنی هەڵسەنگێندرابێت*

*سەرجەم بڕیارەکانی پەیوەست بە لابردنی بەڕێوەبەر لە لایەن (دەستەی سەرپەرشتی) دەدرێت بە زۆرینەی سادەی سەرجەم ئەندامانی دەستەکە.*

*پێویستە لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە رۆژی چۆڵبوونی پۆستەکەوە، بەڕێوەبەرێکی نوێ دابمەزرێت.*

*پێڕەوی CSSA، مادەی ١٦*

لە ئەستۆنیا، (مادەکانی یەکێتییەکان)ی سندوقەکە باسی دەستەی بەڕێوەبردن دەکات نەوەک یەک بەڕێوەبەر. ژمارەی ئەندامانی (دەستەی بەڕێوەبردنی سندوق) دەگاتە سێ (٣) ئەندام و لە لایەن (دەستەی سەرپەرشتیاری)ەوە دادەمەزرێت (ئەمە گەورەترین دەستەی بەڕێوەبردنە). پێویستە دەستەی بەڕێوەبردن لەنێو خۆیدا کەسێک بە سەرۆک یان بەڕێوەبەر هەڵبژێرێت، ئەمەش کەسی بەرپرسیاری سەرەکییە لە کاروباری رۆژانەی دەستگاکە.[39]

*سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی دەستگا (بەڕێوەبەر):*

*1.1.1 رێکخستنی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی دەستەکە*
*1.1.2 بەرپرسیارە لە رێکخستنی ژمێریاریی دەستگاکە*

[39] ئێمە بەشێک لە باقی مادەکانی (NFCS)مان هاوپێچ کردووە، کە پەیوەستە بە ئەرکەکانی سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن و شایستەیی دەستەی بەڕێوەبردن وەک لە پاشگری F بەشی ١ هاتووە. بڕوانە. http://www.kysk.ee/?s=21

1.1.3 *بڕیاردان لەسەر خەرجیی پێویست بۆ چالاکییەکانی دەستگاکە لە چوارچێوەی مەودا و بە گوێرەی ئەو بودجەیەی دەستەی سەرپەرشتیاری ڕەزامەندی لەسەر داوە*

1.1.4 *کارکردن لەسەر سترەکچەری دەستگاکە، ڕێوشوێنی هەڵبژاردن و دامەزراندنی کارمەندی بە مووچە و چەمکی خشتەی مووچە و قەرەبووکردنەوەی کارمەندان، ئامادەکردنی و پێشکەشکردنی بە دەستەی سەرپەرشتیاری،*

1.1.5 *دامەزراندن و دەرکردنی کارمەند لە دەستگاکە لە ڕێی ئەنجامدان و گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست لەگەڵیان*

1.1.6 *دەسەڵات سپاردن بە پارێزەر بۆ نوێنەرایەتیکردنی دەستگاکە*

1.1.7 *ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرپەرشتیاری، مەگەر دەستەی سەرپەرشتیار بڕیار لەسەر ئامادەنەبوونی بدەن.*

## B. ڕێساکانی ناوخۆ

وەک کەسێکی یاسایی سەربەخۆ، سندوقەکە پابەندە بە گەشەپێدانی سترەکچەری بەڕێوەبردنی ناوخۆیی. زۆربەی جار دەستەکە وەک بەرزترین دەستەی بەڕێوەبردن، ڕێساکان پەسەند دەکات، بەڵام هەروەها دەتوانرێت بە شێوەی فەرمانێکی وزاری بێت (وەک حاڵەتی CSSA ی ئەڵبانیا).

ئەم ڕێسایانە بە وردی باسی سترەکچەری ڕێکخراوەیی دەکەن، وەک ئۆرگان و بەشی جۆراوجۆری سندوقەکە، هەروەها ئەرک و بەرپرسیاریتییەکانی پۆستە سەرەکییەکان و پەیوەندییەکانیان. سەرەڕای ئەمانە، ڕەنگە ڕێساکان باسی کۆبوونەوەکانی دەستەکە بکەن، لەگەڵ بەکارهێنانی موڵکوماڵ (اصول)ی سندوقەکە، وردبینی و نووسینی ڕاپۆرتی دارایی، سیاسەتەکانی بواری پێکدادانی بەرژەوەندی، میکانیزمەکانی تێهەڵچوونەوە (تمییز) لە بەرامبەر بڕیاری تەمویلی ناکۆکی لەسەر، ڕێوشوێنەکان و بەکارهێنانی موڵکوماڵ لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی سندوقەکە.

***پەیڕەوی ناوخۆی ئەڵبانیا، مادەی ٢٠***

***پێکدادانی بەرژەوەندیی***

*ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری یان هەر ئۆرگانێکی تری CSSA، و کارمەندەکان، بۆیان نییە دەنگ بدەن یان بەشداری بکەن لە دروستکردنی بڕیارێکدا، بەشداری بکەن لە بەڕێوەبردن یان بەرژەوەندیی داراییان هەبێت، تێیدا، بە گوێرەی یاسا.*

*ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری یان هەر ئۆرگانێکی تری CSSA، پابەندن بە ئاگادارکردنەوەی سەرۆک لە پێکدادانی بەرژەوەندی پێش ئەوەی بڕیار بدرێت یان دەنگ بدرێت. بەڕێوەبەری جێبەجێکاریش دەستەی سەرپەرشتیاری ئاگادار دەکاتەوە.*

*کارمەندانی CSSA پابەندن بە پێشکەشکردنی ئاگادارکردنەوەیەکی ئیمزاکراو بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و خزم و کەسوکارە هەرە نزیکەکانیان. ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەدرێت بە بەڕێوەبەری جێبەجێکار، کە وریا دەبێت لە ڕووندانی ئەم بابەتە. هەر کاتێک هەر گۆڕانکارییەک ڕوویدات یان زانیاری نوێ دروست ببێت ئەوسا پێویستە لە ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ڕوودانی گۆڕآنکارییەکەوە زانیاری لەسەر گۆڕانکارییەکە بگەیەنن*

*ئەندامانی دەستەی سەرپەرشتیاری پابەندن بە ئاگادارکردنەوە لە پێکدادانی بەرژەوەندیی هەر لە یەکەم کۆبوونەوەدا. ئەندامانی دەستەکە بۆیان نییە بەشداری بکەن لە تاوتوێ و بڕیارەکانی پەیوەست بە کەسانێک یان قەوارەیەک کە ڕەنگە تێیدا پێکدادانی بەرژەوەندی ڕوویدات بە گوێرەی یاسای کارپێکراو.*

## C. سترەکچەر و دانانی ستاف بۆ سندوقەکە

سترەکچەری ڕێکخراوەیی (الهيكل التنظيمي)ی سندوقەکە تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە قەبارەی سندوقەکە، قەبارەی چالاکییەکانی (وەک چەند پرۆژە بەڕێوە دەبات، یان بە نیازە چەند پرۆژە بەڕێوە ببات)، لەگەڵ پێداویستییەکانی. وا باوە سندوقەکە دوو بەشی هەبێت: بەشی بەرنامەکان و بەشی دارایی. ئەگەر سندوقەکە زۆر گەورە بێت، دەتوانرێت بەشی تری هەبێت بۆ بەرنامە گەورەکان، وەک حاڵەتی دەستگای کرواتیا، کە بەشێکی هەیە بە ناوی "بەرنامەکانی هاوکاری" (ئەو بەرنامانەی کۆ-داراییان بۆ دەکرێت بە هاوکاری گەڵ قەوارەی تر) و دەکەوێتە ژێر بەشێکی تر. سندوقی مەدەنیی هەنگاریا بە گوێرەی هەرێمەکان و بابەتەکان ڕێک خراوە و یازدە (١١) "کۆلیژ"ی هەیە (ئەمانە دەستەی کۆکردنەوەی کۆمەکی لامەرکەزیین).

بۆ پیشاندانی جیاوازی لە قەبارە و ستافی پێویستدا، ڕەچاوی جیاوازییەکان بکە لە نێوان سندوقەکانی هەنگاریا، کرواتیا، و ئەستۆنیا.

لە هەنگاری (سندوقی مەدەنی نیشتمانیی) بەرپرسیارە لە دابەشکردنی ٧ ملیار فۆرینتی هەنگاری لە ساڵێکدا، کە دەکاتە نزیکەی ٣٢ ملیۆن دۆلار، و ساڵانە پشتگیری پێشکەشی نزیکەی ٩٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات. بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەک بەم قەبارە گەورەیە، سندوقەکە یازدە کۆلیژی لامەرکەزی دروست کردووە (ئەمانە بریتین لە دەستەی کۆکردنەوەی کۆمەک بە گوێرەی هەرێمەکان و بابەتەکان)، کە (دیوانی وزاری)ێک و (ئاژانسی جێبەجێکار) پشتگیرییان دەکات. ئەنجومەنەکە و کۆلیژەکان پێکەوە ١٣١ ئەندامیان هەیە، هەر کۆلیژێک کار لەسەر ئەولەوییەتە داراییەکان و ڕێنماییە داراییەکانی خۆی دەکات، جارنامە بۆ پرۆپۆزەڵ

ڕادەگەیەنێت، و پرۆپۆزەڵەکان هەڵدەسەنگێنێت. بێجگە لەم دەستانە، سێ کەس لە (دیوانی وزاری) هاوکاری وەزیر دەکەن لە کارەکانیدا لە بواری چالاکییەکانی NCF. هەروەها، ئاژانسە جێبەجێکارەکە نۆ (بەرپرسی بەرنامە)ی هەیە کە بەرپرسیارن لە کاروباری جێبەجێکردنی بەرنامەکەی پەیوەست بە NCF. بێجگە لە کارمەندانی بەرنامەکە، کارمەندی کارگێڕییش یارمەتی بەڕێوەبردنی سندوقەکە دەدەن.

دەستگای نیشتمانیی کرواتیان ٣٤ ملیۆن کونای کرواتی دابەش دەکات (دەکاتە نزیکەی 6.1 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ٢٠٠٩)، و پشتگیری پێشکەش بە ٣٥٤ کۆمەک کردووە، کە چەند دانەیەکیان پرۆژەی فرە-ساڵیین (بە چەند ساڵێک تەواو دەبن). دەستگای نیشتمانی (سکرتێر)ێکی هەیە کە هاوکاری (بەڕێوەبەر) و سێ کارگێڕەکە دەکات و فەرمانگەی تری سەربەخۆی کۆکردنەوەی کۆمەک، هاوکاری و گەیاند، و بەشی دارایی بەڕێوە دەبەن. ئەم شێوەی ڕێکخراوەیە بریتییە لە:




(دەستگای کۆمەڵگەی مەدەنی)ی ئەستۆنیا ڕێکخراوێکی نوێترە و بودجەکەشی سنووردارترە. لە یەکەم ساڵی چالاکییەکانییدا، ٢٠٠٨، پشتگیری پێشکەشی ٨٥ پرۆژە کرد بە کۆی ٢٣ ملیۆن کرۆنی ئەستونی، کە دەکاتە نزیکەی 1.9 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. وەک ڕێکخراوێکی بچووک، تەنێ پێنج کارمەندی هەیە: بەڕێوەبەری جێبەجێکار، بەڕێوەبەری کارگێڕی، ڕێکخەری بەرنامە، بەرپرسی ژمێریاری و بەرپرسی تەکنەلۆجیای زانیاری.

لە حاڵەتی دەستگاکانی هەنگاریا و کرواتیا، وا پێویستە ١٥-٢٠ کارمەندی بە مووچە هەبێت بۆ پشتگیری لە کارەکانی دەستەی کۆکردنەوەی کۆمەک. ئەگەرچی سندوقە هەنگارییەکە پشتگیری پێشکەش چەند هەزار ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات و بودجەکەی پێنج ئەوەندەی بودجەی سندوقەکەی کرواتیایە، بەڵام بە

نزیکەیی ژمارەی کارمەندەکانیان هێندەی یەکترییە[40]. لە حاڵەتی هەنگاریادا زیاتر لە ١٣٠ کەس بەشداری دەکەن لە پرۆسەی کۆکردنەوەی کۆمەک و پرۆسەی هەڵسەنگاندن، بەڵام لەوەی کرواتیادا، ئەم کارانە تەنێ لە لایەن دەستەکەوە ئەنجام دەدرێت، کە تەنێ نۆ ئەندامی هەیە. کارمەندانی دەستگاکەی ئەستۆنیا بە خۆیان بەشداری ناکەن لە هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکاندا.

## D. کاروباری رۆژانە

دواجار، پێویستە پلانێک هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی سندوقەکە. پێویستە بەڕێوەبەرانی سندوقەکە ڕەچاوی ئەم پرسانەی خوارەوە بکەن:

- قەبارەی بودجەکە (گەورەییەکەی) چەندە و پلانی هەیە پشتگیری پێشکەش چەند پرۆژە بکات؟
- چۆن پرۆژەکان هەڵدەسەنگێنێت؟ (وەک، ستاف، دەستە، هەڵسەنگێنەری بە-پارە؟)
- چەند ستافی بەرنامە و دارایی پێویست دەبن، بە ڕەچاوکردنی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە.
- ئایا پێویستە ستافی تر دابنرێت بۆ بەرنامەکە و بۆ کاروباری دارایی (وەک بەرپرسی گەیاندن و تەکنەلۆجیای زانیاری)؟
- ئایا سنوورێک هەیە بۆ کولفە کارگێڕییەکانی سندوقەکە؟ (وەک حاڵەتی هەنگاریا، سنوورەکە بریتییە لە 10% ی کۆی بودجەکە، بەڵام سندوقەکە تەنێ 7% ی بودجەکە لەسەر کاروباری کارگێڕی خەرج دەکات).
- کێ کاروباری حەواڵەی دارایی ئەنجام دەدات؟ (وەک، لە حاڵەتی هەنگاریادا، خەزێنەی نیشتمانی، نەوەک سندوقەکە، پارەکان دەدات و وردبینی دارایی ئەنجام دەدات، بەم شێوەیەش سندوقەکە پێویستی بە توانایەکی زۆر نییە لە بواری بەڕێوەبردنی کاروباریی داراییدا).

ئەم بابەتانە هەروەها رێگە خۆش دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر دانانی ستاف و بەڕێوەبردن، هەروەها لەسەر سترەکچەری رێکخراوەیی (الهيكل التنظيمي) و بەرنامەی پشتگیریی.

---

40 رەخنەی ئەوە لە سندوقەکە دەگیرا کە ژمارەی ستافەکان کەمە و وەك پێویست بایەخی نەداوە بە پرۆژەی گرانت.

## VII. پێوەر بۆ داراییکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

پێوەری داراییکردن (تەمویل)ی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر لە نزیکەوە پەیوەستە بە ئامانجەکانی سندوقەکە. پێویستە پێوەری ڕوون دابنرێت بۆ بەڕێوەبردنی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی داراییکردنەکە. پێویستە پێوەری شایستەیی دابنرێت (ئایا سەرجەم یان تەنێ هەندێک ڕێکخراوی دیاریکراو بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی دارایی)، ئنجا پێوەر دابنرێت بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە (بڕایر بدرێت کام ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە، داراییان پێشکەش دەکرێت). دەتوانرێت بە شێوەیەک پێوەرەکانی شایستەیی و هەڵبژاردن دابنرێن کە سیاسەتەکانی حکومەت بەرەوپێش ببەن.

بەم شێوەیە، پێویستە سیستمێک دابڕێژرێت بۆ دانانی پلە (پلەبەندیی) و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکان. پێویستە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکاندا جەخت بخرێتە سەر پێوەری ڕوون و بابەتییانە (کە پەیوەست بن بە ئامانجەکانەوە) و پێوەری ڕێوشوێن (پابەندیتی بە هاوپێچکردنی سەرجەم بەڵگەنامە پێویستەکانەوە) بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان پابەند پێیانەوە تا بتوانن دارایی وەربگرن. پێویستە سەرجەم ئەم بڕیارانە دەربچوێندرێن (دەربکرێن) پێش ئەوەی داوا بکرێت ڕێکخراوەکان پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکەن.

سەرەڕای ئەمە، بۆ جەختکردنەوە لە شەفافییەت، زۆر گرنگە پێوەرەکانی شایستەیی و هەڵبژاردن بە ئاسانی لە پێش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و جەماوەر دابنرێن کاتێک پرۆژە ڕادەگەیەنرێت و داوا دەکرێت پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکرێت.

### A. پێوەری شایستەیی لە بەرامبەر پێوەری هەڵبژاردن

پێوەری شایستەیی (معيار الاهلية) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئاخۆ کام ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی دارایی لە سندوقی نیشتمانی. هەندێک توخمی بابەتیانەی هەیە، واتە ئەو پێکهاتانەی بە گوێرەی بابەتێکن یان بە گوێرەی ئامانجەکانی پرۆسەی گرانتەکەن، و هەروەها هەندێک توخمی هەیە کە بریتییە لە ڕێوشوێن، وەک ئەوەی پێویستە هەندێک هەلومەرجی تەکنیکی دابین بکرێت، وەک پێشکەشرکدنی سەرجەم بەڵگەنامە و نووسراوە پێویستەکان لە کاتی گونجاودا.[41]

لە لایەکی ترەوە، پێوەری هەڵبژاردن بریتییە لە ڕێنمایی بۆ کەسانی بەرپرس لە بڕیاردان لەسەر ئەو ڕێکخراوە شایستانەی کە داراییان پێدەدرێت. پێویستە پێوەرەکانی هەڵبژاردن ڕوون و ورد بن بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمیتە بەرپرسەکان لە بەخشینی گرانت بتوانن بە گوێرەی هەندێک ڕێنمایی بابەتیانە و ورد بڕیارەکانیان دەربکەن. ئەم ڕێنماییانە بواریان تێدایە بۆ ئازادیی ڕەفتار، بەڵام نەوەک ئەوەندەی کە ببێتە دەستێوەردانی کەسیی. سندوقی هەر وڵاتێک پێوەری خۆی هەیە بۆ شایستەیی و بۆ هەڵبژاردن.[42]

---

41 ئێمە هەندێک بەشی یاسای سندوقی نیشتمانیی مەدەنی هەنگاریمان (بڕوانە ECNL 2008 (National Civil Fund in Hungary، و یاسای ئەلبانی بۆ پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک نموونە لەسەر پێوەری شایستەیی لە پاشگری G لە بەشی ١ و ٢ داناوە.
42 ئێمە هەندێک بەشی یاسای (ئاژانسی پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاڵبانیا)مان داناوە وەک نموونیەک بۆ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن، وەک پاشگری G بەشی ٣.

## ئازەربایجان: ئەنجومەنی پشتگیری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە ئازەربایجان، تەنێ ڕێکخراوە تۆمارکراوەکان بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی دارایی لە (ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی).[43] ئەم پێوەرەش ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە کەم دەکاتەوە کە دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، بەم شێوەیە ئەم مەرجە دەبێتە کەمبوونەوەی ژمارەی ڕێکخراوە داواکارەکان پێش ئەوەی بواریان پێبدرێت پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکەن. هەروەها، (ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ پشتگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) لە ئازەربایجان داوا لە ڕێکخراوەکان دەکات فۆرمی باج، بەڵگەنامەی تۆمارکردن، پلانەکانی پرۆژەکە، و بایۆگرافیای ستافی بەشدار لە پرۆژەی هەر پرۆپۆزەڵێکدا، پێشکەش بکەن. ئەمە نموونەیەکە لەسەر پێوەری ڕێوشوێنی شایستەیی: ئەگەر ڕێکخراوەکە هەندێک ڕێوشوێن پیادە نەکات لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکارییەکەدا، ئەوسا شایستە نابێت بۆ داراییەکە.

## پۆڵەندا: بەرنامەی سندوقی دەستپێشخەریی مەدەنی

(بەرنامەی سندوقی دەستپێشخەریی مەدەنی)ی پۆڵەندا [44] هەندێک پێوەری داناوە بۆ ڕەچاوکردنی لە کاتی بڕیاردان لەسەر پرۆپۆزەڵەکان. سندوقەکە ئەو پرۆپۆزەڵانە بە پەسەند دادەنێت کە داهێنەرانە بن و هەلی یەکسان دروست بکەن، هانی هاوکاری نێوان کەرتەکان بدەن، یان بە هەماهەنگی یاخود بە شەراکەت لەگەڵ ڕێکخراوی تری کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام بدرێن، بێجگە لە مەرجی تریش. سندوقەکە هەروەها خاتری ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرێت کە لە ناوچە نەبووژاوەکان (ناپێشکەوتووەکان) دامەزراون.

## کرواتیا: دەستگای نیشتمانی

***دەستگای نیشتمانیی کرواتیا، ٢٠٠٦***

***نموونە لەسەر پێوەری هەڵبژاردن: ڕۆڵی ئێمە لە کۆمەڵگە، پێکەوە باشترکردن و دیمۆکراتیزە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی***

- *کواڵیتی دەستپێشخەرییەکە/ پرۆژەکە*
- *سوودی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵگەکە و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی*
- *سەرچاوە ڕێکخراوەیی و مرۆییەکانی جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکە/پرۆژەکە*
- *نوێنەرایەتی لە ئاستی نیشتمانی/هەرێمایەتی*
- *هاوسەنگیی ڕاستەقینەی نێوان کولفە و ئەنجامە پێشبینیکراوەکان*
- *هاوکاری لەگەڵ یەکێتییەکان/ ڕێکخراوەکان/ کەرتەکان*

---

[43] "Regulations on the CSSN under the President of the Republic of Azerbaijan," بڕوانە: http://www.cssn.gov/az/en/index.php?option=com_content&task=blogcategory&id=25&Itemid=123

[44] http://www.pozytek.gov.pl/What,is,FIO,581.htm

## ئوردن: وەزارەتی گەشەسەندنی سیاسی

یەکێک لەو توخمانەی ئەو تەمویلەی وەزارەتی گەشەسەندنی سیاسی لە ئوردن بەڕێوەی دەبات کار لەسەر دروستکردنی تۆڕبەندی دەکات بۆ ڕێکخراوەکانی گەنجان. بۆ ئەوەی ڕێکخراوێک شایستە بێت بۆ وەرگرتنی دارایی لەم بەرنامەیە، پێویستە وەک ڕێکخراوێکی گەنجان تۆمار کرابێت (لە بەرامبەردا، بەرنامەی قودراتی وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتیی ئوردن کار لەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵگەییەکان دەکات، و پێویستە ناکات ڕێکخراوەکان تۆمارکراو بن تا شایستە بن بۆ دارایی).

وەزارەتی گەشەسەندنی سیاسی هەروەها پێوەری هەڵبژاردن دادەنێت و بەکاریدەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆپۆزەڵانەی وەریدەگرێت لە وەڵامی تەندەرەکانییدا. سیستمی خاڵ بەکاردەهێنێت و خاڵ (نمرە) لەسەر ئەو پرۆژەیە دادەنێت کە داواکارەکە پێشکەشی کردووە، هەروەها خاڵ دادەنێت بۆ توانای بەڕێوەبردنی دارایی، پێوەری هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو بۆ پرۆژەکە، و بودجەکە. تا پرۆپۆزەڵێک خاڵی زیاتر بەدەست بهێنێت، ئەوا باشترە. ئەگەر پرۆپۆزەڵێک سفر بهێنێت لە بەشی بەڕێوەبردنی داراییدا، ئەوسا پرۆژەکە لە پرۆسەکە دەردەکرێت، وەک ئەوەی نەیتوانیوە پێوەری شایستەیی بەدەست بهێنێت.

## B. بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکان یان ئەولەوییاتەکانی حکومەت

ڕەنگە سیاسەت و ئەولەوییاتەکانی حکومەت لە ڕێی بەرتەسک کردنەوەی پێوەرەکانی شایستەیی و هەڵبژاردنەوە بەرەوپێش ببرێت، ئەمەش لە ڕێی شمولکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە کار لەو بوارانەدا یان پرۆژە لەو بوارانەدا پێشکەش دەکەن کە حکومەت بە خۆی بایەخیان پێدەدات.

ئەم پێوەرانەی شایستەیی لە بنەڕەتەوە لەناو مەبەستی گرانتەکە دادەنرێن و ڕەنگە بە شێوەیەکی بەرفراوان یان بەرتەسک دابڕێژرێن. وا باوە تا دیاریکراوتر بن ئەوسا ڕێژەی پرۆژە پشتگیریکراوەکان زیاتر ئەو ڕێکخراوانە داواکاری پێشکەش دەکەن کە مەرجەکانی ئەو بەرنامەیەیان تێدایە. بۆ نموونە، کاتێک مەبەستەکە بریتی بێت لە "هاندانی یەکسانیی جێندەر" ئەوسا دەتوانرێت هەندێک ئامانجی بەرنامەسازیی دابڕێژرێت لە ئاستی جۆراوجۆردا. وەک:

- **نوسخەی أ.** *"ئەو پرۆژانە شایستەن کە کار لەسەر گرفتەکانی ژنان دەکەن لە شوێنی کار"* – ئەمە ئامانجێکی گشتییە کە ڕەنگە زۆر شت لەخۆ بگرێت هەر لە هەراسانکردنی جنسییەوە تا دەگاتە جیاکاریی لە پێدانی مووچەیەکی کەمتر بە ژنان.
- **نوسخەی ب.** *"ئەو پرۆژانە شایستەن بریتین لەو پرۆژانەی ئامانجەکەیان بریتییە لە ئاوێتەکردنی ژنان لە بازاڕی کار دوای مۆڵەتی دایکایەتی"* – ئەمە ئامانجێکی دیاریکراوە کە پێناسەی دەرەنجامەکانی پرۆژەکە دەکات، و بواری هێشتۆتەوە بۆ چالاکیی جۆراوجۆر، وەک مەشقکردن لەسەر گەڕان بۆ ئیش و چاوپێکەوتن، فێربوونی کارزانیی نوێی وەک تەکنەلۆجیای زانیاری و بازارگەریی، دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاڵوگۆڕی کار، دابینکردنی خزمەتگوزاریی بەدیل بۆ ئاگاداربوون لە منداڵ، تاد.

- **نوسخەی ج.** "*پرۆژە شایستەکان ئەو پرۆژانەن کە مەشقی تەکنەلۆجیای زانیاری پێشکەش بەو ژنانە دەکەن کە هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە بۆ بازاڕی کار*" – ئەمە ئامانجێکی زۆر دیاریکراوە کە نەوەک تەنێ بابەتەکە و دەرەنجامەکە دەستنیشان دەکات، بەڵکو شێوازی بەدەستهێنانی دەرەنجامەکەش دەستنیشان دەکات.

ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە کاتێک دارایی حکومەت باشترین ئەنجام بەدەست دەهێنن ئەگەر پێوەری شایستەیی لە ئاستی مامناوەندییدا پێناسە کرابێت (وەک نوسخەی ب)، واتە پێناسەکردنی دەرەنجامەکە بەڵام بوار بە داواکارەکە بدرێت بە خۆی بە باشترین شێواز هەڵبژێرێت بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامەکە. نوسخەی أ ئێجگار بەرفراوانە و پێدەچێت پرۆژەی زیاتر پێشکەش بکرێت وەک لە سنووری توانای بودجەکە، سەرەڕای ئەوەی لەبەرئەوەی هیچ جەختێک پیشان نەدراوە، بە زەحمەت دەتوانرێت جەخت بکرێتەوە لەو پرۆژانەی رۆڵیان دەبێت لە کاریگەرە گشتییەکاندا. نوسخەی ج زۆر وردەکاری تێدایە و ڕەنگە کاریگەر نەبێت لە چارەسەرکردنی گرفتی گەورەی ئاوێتەکردنەوەی ژنان لە بازاڕی کاردا.[45] نوسخەی ب گونجاوە بۆ مەبەستی بەرنامەی گرانتەکە چونکە جەخت دەخاتە سەر دەرەنجامی کۆنکریتی (کە پەیوەستە بە سیاسەتێکی حکومەتەوە) ی ئەوتۆ کە مەبەستی هەموویان بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجەکە بە شێوازی جۆراوجۆر (کە زۆر جار هەر یەکێکیان ئەوەی تر پتەوتر دەکات). [46]

پێوەرەکانی پەیوەست بە پرۆژەکان، بە گوێرەی ئەو ئامانجانەی لە بانگهێشتی پرۆپۆزەڵەکان دادەنرێن، بریتین لە:

- گروپی نیشانەکراو (مستهدف، Target group) (وەک هەندێک سوودمەندی دەستینشانکراو، واتە، کاتێک پرۆژەکە برتییە لە پشتگیریی خێزانە هەژارەکان، کەمئەندامان، منداڵان، و ژنانی بێکار)
- مەودای جوگرافی (وەک، شارەوانییەک، یان هەرێمێک)
- داهێنان (وەک، پرۆژەیەک بێت پێشتر لە وڵات/هەرێمەکە/شارەوانییەکە ئەنجام نەدرابێت).
- بەرفراوانکردن (وەک، پرۆژەیەک بێت کە پێشتر بە سەرکەوتوویی ئەنجام درابێت و بەرفراوانکرابێت، یان بتوانرێت زیاتر یاخود بەرفراوانتر بکرێت)،
- شێواز (وەک، پێویستە کۆنفرانس بێت یان نەبێت، پێویستە بە شێوەی بەشدارییپێکردن بێت، پێویستە توخمی هەڵسەنگاندن لەخۆبگرێت، تاد) و

جەخت بخاتە سەر بابەت یان شێوازێکی دیاریکراو (وەک، پێویستە پرۆژەکە گەشەسەندنی فرەلایەن و سەقامگیر پیشان بدات، تاد).[47]

---

[45] لەو حاڵەتانەدا کە حکومەت (بۆ نموونە دەسەلاتی کار) پێداویستییەکی ڕوون بۆ خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو دەبینێت (لەم حاڵەتەدا، مەشقی ئای تی بۆ ئەو ژنانەی بۆ کار دەگەڕێن) ڕەنگە کاراتر بێت وەک لە بڵاوکردنەوەی تەندەرێک بۆ خزمەتگوزاریی گرێبەست (وکە پێچەوانەیەکبۆ کێبڕکێی گرانت)

[46] بۆ سەرچاوەی ئەو وەسفە بڕوانە: ECNL, "State Funding for NGOs: Principles and Practices in Tendering" (awaiting publication, paper on file with ECNL).

[47] Id.

## ئازەربایجان: ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ پشتگیریی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئازەربایجان لە کاتی هەڵبژاردنی پرۆژەکاندا[48] لایەنێکی پەسەندێتی دەدات بەو پرۆژانەی لە ١٥ بواردا جێبەجێ دەکرێن، وەک، بەڵام هەر ئەمەندەش نییە، مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی، پشتگیریی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوە هەرێمییەکان، و پشتگیریی لە پەناهندە و ئاوارەی ناوخۆ. لە ڕێی بەرتەسککردنەوەی پێوەری هەڵبژاردنەوە، بەڵام نەوەک بەرتەسککردنەوەی پێوەری شایستەیی، ئەنجومەنەکە دەتوانێت پرۆژە لە ڕێکخراوی جۆراوجۆر وەربگرێت کە لە بواری پەسەند لای حکومەت و بواری تریش کار دەکەن، و ڕەنگە دارایی بدات بە پرۆژەی شایستەی بەدەر لەو ١٥ بوارەی دەستنیشان کراوە. هاوکات، ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی هەیە ئەو پرۆژانە بە پەسەند دابنێت کە تەریبن لەگەڵ ئامانجەکانی حکومەتدا.

## کازاخستان: بەرنامەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دەستگای بۆتا

دەستگای بۆتا (BOTA Foundation) لە کازاخستان ئامانجەکەی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی منداڵان و خێزانەکان لە ڕێی بەرتەسک کردنەوەی پێوەری شایستەیی ڕێکخراوەکان بەدی دەهێنێت[49]. داوا دەکات داواکاری پێشکەش بکرێت بۆ هاوکاریی منداڵان و گەنجانی هەژار لە چوار بواردا: چاکترکردنی دەستگەیشتن بە باخچەی ساوایان، زیاترکردنی دەرفەت بۆ گەنجان، و ڕێگرتن لە ئاکاری مەترسیدار، و هاوکاری ئەو منداڵ و گەنجانەی ڕەوشی ژیانیان سەختە. لە ڕێی بەرتەسک کردنەوەی پێوەری شایستەیی، دەستگای بۆتا لە دەستپێکەوە سنووری ئەو پرۆپۆزەڵانە بەرتەسک دەکاتەوە کە دەیانخوێنێتەوە.

## C. سیستمەکانی هەڵسەنگاندن/پلەدانان بۆ پرۆپۆزەڵ

هەبوونی سیستمێکی ڕوون و هەنگاو بە هەنگاو بۆ هەڵسەنگاندن و پلەدانان (نمرە-دانان) بۆ پرۆپۆزەڵەکان ئێجگار پربایەخە بۆ پرۆسەیەکی بێلایەن و ڕەوا و سەرکەوتووی هەڵبژاردن.

## کرواتیا: دەستگای نیشتمانی

بۆ نموونە، دەستگای نیشتمانی لە کرواتیا پرۆسەیەکی سێ هەنگاوی بەکاردەهێنێت بۆ بڕیاردان (دروستکردنی بڕیار، صنع القرار).[50]

1. **ساخکردنەوەی** ئەوەی کە مەرجە فەرمییەکانی ناو تەندەرەکە جێبەجێ بکرێن
2. **هەڵسەنگاندنی کوالێتیی** داواکارییەکە لە لایەن (لیژنەی بەرنامە)، کە دەستەیەکە لە ٥ پسپۆڕ پێک دێت.
3. **بڕیاردان** لەسەر قبوڵکردنی کۆمەکەکە لە لایەن (دەستەی بەڕێوەبردنی دەستگا). ئەگەر دەستەکە ڕازی نەبوو لەسەر پەسەندکردنی پرپۆزەڵەکە لە لایەن (لیژنەی بەرنامە)، ئەوسا داوا لەمەی دوایی دەکرێت چاو بە پرۆژەکەدا بخشێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا ڕێوشوێنەکانی تەرخانکردنی گرانتەکە دیسان دووبارە دەکرێنەوە.

---

48 "Regulations on the CSSN under the President of the Republic of Azerbaijan," available at: http://www.cssn.gov/az/en/index.php?option=com_content&task=blogcategory&id=25&Itemid=123

49 http://botafoundation.org.kz/?en=1.

50 Katerina Hadzi-Miceva, supra note 3, p. 10.

دەتوانرێت پرۆسەی ساخکردنەوە لە ڕێی چێکلیستێکەوە ئەنجام بدرێت (checklist) بۆ جەختکردنەوە لەوەی داواکارەکە مەرجەکانی پێوەری شایستەیی هەیە. (لیژنەی بەرنامە)ی (دەستگای نیشتمانی) بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کوالیتی لە ڕێی بەکارهێنانی تۆڕی هەڵسەنگاندنەوە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵسەنگێران ل پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کۆمەکەکاندا. هەروەها، پێویستە سیستمی پلەدانان تەبا بێت لەگەڵ پێوەری هەڵبژاردن. وا باوە خاڵ (نمرە) بەکاربهێنرێت (وەک، لە ١ – ١٠) دەدرێت بە هەر پێوەرێک لە پێوەرەکان و ئنجا یان کۆ (المجموع) دەژمێردرێت یان تێکڕا (معدل) بۆ هەر پرۆپۆزەڵێک. ئەم پرۆسەیە دەبێتە مایەی ڕیزبەندیکی ژمارەیی (نمرەیی) پرۆپۆزەڵەکان، و ئنجا دەتوانرێت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەڵسەنگاندندا تاوتوێ بکرێت و کۆتایی پێبهرێنت.

لە لایەکی ترەوە، هەندێک جار دەتوانرێت شێوازێکی "شیکاری" بەکاربهێنرێت، کە تێیدا تەنێ هەندێک پێوەری گشتیی بەکاردەهێنرێت (وەک، ئایا ئەو چالاکییانەی بۆ پرۆژەکە دەکرێن تەریبن لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆژە ڕاگەیاندراوەکە؟) و هەڵسەنگێنەران هەڵسەنگاندنێکی نووسراو بۆ پرۆپۆزەڵەکە لەگەڵ ڕاسپاردەکانیان دەردەکەن سەبارەت بەوەی ئاخۆ پشتگیریی پێشکەش پرۆژەکە بکرێت یان نەکرێت. ڕەنگە ئەم شێوازە بەکاربهێنرێت کاتێک بە زەحمەت بتوانرێت پێوەری ئاسایی دابڕێژرێت، کاتێک بۆ نموونە تەمویلی پرۆژەی نوێی داهێنەرانە بکرێت، کاتێک بیرۆکەکە هەرە گرنگترین توخم بێت، یان ڕەنگە ڕێکخراوێکی بچووکی دەرەوەی شارەکان توانای نەبێت بە تەواوەتی فۆرمەکە پڕ بکاتەوە (وەک، ئامانجەکان، گرووپە نیشانەکراوەکان، دەرەنجامەکان، ..). وەک لە نموونەکەی ئەستۆنیا لە خوارەوە پیشان دراوە، ڕەنگە سندوقەکە هەر دوو جۆرە میکانیزمەکەی هەڵسەنگاندن بەکاربهێنێت. لەم نموونەیەدا "بانگهێشتی کراوە"ی ستاندار بە گوێرەی چەند پێوەرێک هەڵدەسەنگێندرێت کە پێشوەخت بەرپێوەبەرەکە دایناوە، و پرۆژەی خاوەن "بیرۆکە باشەکان"یش بە جیا بە شێوەیەکی "شیکاری"انە هەڵدەسەنگێندرێن بە گوێرەی ڕێنمایی گشتیی ناو ڕێساکان.

***دەستگای نیشتمانیی ئەستۆنیا: هەڵسەنگاندن لە لایەن پسپۆڕانەوە***

*بڕگەیەک لە بەڵگەنامەکە: ڕێوشوێنەکانی بانگهێشتی کراوە بۆ پرۆپۆزەڵ، ڕێوشوێنەکانی پێشکەشکردنی داواکاری و پرۆژەی خاوەن "بیرۆکەی باش"، ئاشکراکردن و چاودێریی جێبەجێکردنی کۆمەک*

*<u>مادەی 4.3 هەڵسەنگاندنی ناوەرۆک</u>*

*4.3.1. فۆرمی داواکاری لە کێبڕکێی دەردەهێنرێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکدا ئەگەر بە لای کەمەوە دوو پسپۆڕ بۆیان دەربکەوێت کە داواکارییەکە تەبا نییە لەگەڵ ئامانجەکانی بانگهێشتی کراوە (لە خشتەی هەڵسەنگاندنەکەدا نمرەکە "سفر" دەبێت).*

*4.3.2. پسپۆڕەکان داواکارییەکە هەڵدەسەنگێنن:*

- له حاڵەتی بانگهێشتی کراوەدا [ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری NFCS ڕەزامەندی دەدات لەسەر پێوەری هەڵسەنگاندنی پرۆژە بانگهێش بۆ کراوەکە،
- له حاڵەتی پرۆژەی خاوەن "بیرۆکەی باش" دا شێوازی شیکاری پیادە دەکرێت، شیکردنەوەی پرۆژەکە بە فەرمی دادەڕێژرێت و ڕاسپاردە پێشکەش بە جێبەجێکاری پرۆژەکە و دەستەی سەرپەرشتیاریی NFCS دەکرێت بۆ داراییکردنی پرۆژەکە.

4.3.3. هەڵسەنگاندن دەکرێت لەسەر: چالاکییەکانی پێشووتری داواکارەکە و توانای جێبەجێکردنی پرۆژەکە، تەبایی داواکارییەکە لەگەڵ مەرج و بەندەکانی پرۆژە بانگهێشت بۆ کراوەکە، ناوەڕۆک و چالاکی هاوشێوە و بودجەکە، ڕەوتی ئامانجەکە و گشتگیری و پەیوەستیی ڕوون بە بودجەکەوە، پێناسەی ڕوونی ئەنجامەکانی داواکارییەکە، و بەردەوامیی پرۆژەکە، کراوەیی بە ڕووی بەستنی شەراکەت و هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە گشتییەکان، و ڕێکخراوەکانی بزنس و ڕێکخراوی تری قازانج نەویست یان دەستگای تر.

4.3.4. پسپۆڕان خشتەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان و پێشکەش کردنیان بە نووسینگەی NFCS. خشتەکانی هەڵسەنگاندن، پوختەکانیان و پرۆتۆکۆلەکانی کۆبوونەوەی کاری پسپۆڕەکان دەکرێن بە بەڵگەنامە، و ئاشکرا ناکرێن.

4.3.5. کاری پسپۆڕانی NFCS ڕێکدەخرێت و هەماهەنگی بۆ دەکرێت و کۆنووسی کۆبوونەوەکان لە لایەن بەڕێوەبەری NFCS و ڕێکخەری بەرنامەکەوە هەڵدەگیرێت.

4.3.6. ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی پلەدانان بۆ ئەو داواکارییانەی پسپۆڕەکان ئیمزایان کردووە و لەگەڵ هۆیەکان پێشکەش بە دەستەی سەرپەرشتیاریی NFCS دەکرێت، و ئەمیش دوایین بریار دەدات لەسەر ئەو پرۆژانەی پشتگیرییان دەکرێت و بڕی ئەو کۆمەکانەی بۆیان تەرخان دەکرێت.

## D. چۆن جەخت لە فرەچەشنیی جوگرافی بکرێتەوە؟

NFC ی هەنگاریا سیستمێکی لامەرکەزی پیادە دەکات و بڕێکی دیاریکراو لە داراییەکان بۆ هەر کۆلیژێک تەرخان دەکات، ٥ کۆلیژ هەیە کە نوێنەرایەتی ٦ هەرێمی وڵاتەکە دەکەن، و یەک نوێنەریش نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی ئاستی وڵات دەکات. بە مانایەکی تر، NFC بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە چەند دارایی بڕوات بۆ پشتگیریی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەر هەرێمێک لە ٦ هەرێمەکەی وڵاتەکە، و هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەسەر ئاستی وڵات کار دەکەن. لە بەراییدا ژمێریارییەکە بە گوێرەی ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە دەکرا کە لە هەر هەرێمێک و لەسەر ئاستی وڵات تۆمار کراون، چونکە ئامانجی پشتگیرییەکە بریتی بوو لە پتەوکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەسەر ئاستی وڵات هەبوون. لەگەڵ تێپەڕینی ساڵاندا، شێوازی تەرخانکردنەکە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، واتە، ئاستی داهاتی ڕێکخراوەکانیشی ڕەچاو کرد، یان ڕێژەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ کۆی ژمارەی دانیشتووان لە هەر هەرێمێک.

دەتوانرێت پرەنسیپەکانی ئەم سیستمە بەسەر ئەو سندوقانەدا پیادە بکرێت کە سیستمی کۆلیژی لامەرکەزییان نییە. پرەنسیپە سەرەکییەکان بریتین لە:

- دەستنیشانکردنی پێداویستبوون بە فرەچەشنیی جوگرافی بە گوێرەی پێوەری ڕوون
- دەستنیشانکردنی بڕی ئەو سەرچاوەیەی بۆ هەر هەرێمێک تەرخان دەکرێت (هەروەها ئەو بڕەی بۆ ئاستی وڵات تەرخان دەکرێت، ئەگەر بگونجێت) بە گوێرەی پێوەرەکە.

بۆ نموونە، ئەگەر پێداویستبوونی فرەچەشنێتییەکە لەبەرئەوە بێت کە ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی لە ناوچەیەک کار دەکەن کەم بێت و وا پێویست بێت هان بدرێن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو، ئەوسا دەتوانرێت سەرچاوەی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ ئەو هەرێمانەی ڕێکخراوی کەمتریان هەیە. شێوازێکی سانا بریتییە لەوەی کە بڵێین پێویستە بە لای کەمەوە پشتگیری لە یەک پرۆپۆزەڵ بکرێت بۆ هەر ناوچەیەک.

هەروەها لە کاتی دەستنیشانکردنی لەم جۆرەدا زۆر گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە داراییەکان بە شێوەیەکی گونجاو بگاتە هەموو ناوچەکان بۆ ئەوەی ڕێکخراوە شایستەکان ئاشنا بکرێن بە ئەگەری پێشکەشکردنی داواکاری. زۆر جار سندوقی وڵاتەکان هەڵمەتێکی ڕیکلام ساز دەکەن کە تێیدا نوێنەرانی سندوقەکە سەردانی ناوچەکان دەکەن و لە هەموو شوێنێک کۆبوونەوەی نیو-ڕۆژە دەبەستن بۆ ئەوە ڕووبەڕوو مەرجەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕوون بکەنەوە.

## VIII. ڕێوشوێنەکانی داراییکردن

ڕێوشوێنی ڕوون و شەفافی داراییکردن دەبێتە مایەی دڵنیایی لەوەی تەندرەکان، داراییکردنەکان، و تەواوکردنی دارایی بەرنامەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ڕێکوپێک ئەنجام دەدرێن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەندێک وڵات سکاڵای ئەوە دەکەن کە زۆر جار بە زەحمەت دەستیان بە داراییەکانی حکومەت دەگات چونکە جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی داراییکردنەکە شەفاف نین، هیچ پێوەرێکی ڕوون لە ئارادا نییە، و بڕیاری ئەوەی کێ گرانتی پێدەدرێت پەیوەست کراوە بە کاروباری سیاسییەوە. سەرەڕای ئەمەش، هەڵسەنگاندنێکی کارا و میکانیزمێکی ڕوون نییە بۆ چاودێریی داراییەکە تا بە ڕێکوپێکی چاودێریی بەکارهێنانی داراییەکان بکرێت و جەخت لە بەرپرسیاربوون (مسائەلە)ی ئەو ڕێکخراوانە بکرێتەوە کە داراییەکانیان وەرگرتووە.[51]

بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکرێتەوە ڕێوشوێنی ڕێکوپێک و باش لە ئارادا بێت و سەرجەم ئەو دەستگا حکومییانەی دارایی دابەش دەکەن ڕیز بگرن لە پرەنسیپەکان (بە سندوقی نیشتمانییشەوە)، وڵاتان هەندێک بەڵگەنامەیان داڕشتووە بۆ ئەوەی ببن بە چوارچێوەیەک بۆ ڕێوشوێنەکانی پێدانی دارایی گشتیی. ئەم بەڵگەنامانە بە تێروتەسەلی پێناسەی پرەنسیپەکانی داراییکردن لەخۆدەگرن و باسی مەرجە دیاریکراوەکان دەکەن. ئامانجی ئەم بەڵگەنامانە بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی هەموو ئەو دەستە و دەستگا حکومییانەی دارایی لەو جۆرە دابەش دەکەن، پابەند بن بەو مەرج و بەندانەوە. سەرەڕای ئەمە، هەروەها ئامانجەکەیان بریتییە لەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە داواکاریی پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتنی دارایی بە باشی ئاشنا بن و تێبگەن لەو پرەنسیپانەی لە پرۆسەی داراییکردندا پیادە دەکرێن.[52] دەتوانرێت بە شێوازی جۆراوجۆر دابڕێژرێن و پرۆسەی جۆراوجۆریان بۆ بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە، ڕێوشوێنەکان لە کرواتیا لە دوو توێی ئەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە "ڕێسای مومارەسە و ستاندارد و پێوەری باش بۆ دابینکردنی هاوکاریی دارایی بۆ بەرنامە و پرۆژەکانی یەکێتییەکان" و ئەوەی ئینگلتەراش بریتییە لە "دارایی و کڕیاری: پەیماننامەی ڕێسای مومارەسەی باش"[53]، لە هەنگاریاش بریتییە لە "یاسای بەکارهێنانی دارایی گشتیی، شەفافیەت و کۆنترۆڵی بەکارهێنانی موڵکوماڵی گشتیی"

### A. جەختکردنەوە لە مسائەلە و شەفافییەت لە پرۆسەی داراییکردندا

لەبەرئەوەی ڕەوایەتی زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کاری سەربەخۆیەوە لە حکومەت سەرچاوە دەگرێت، پێویستە پرۆسەی وەرگرتنی دارایی لە حکومەت بە شێوەیەکی شەفاف و بەرپرسیارانە ئەنجام بدرێت بۆ ڕێگیریی لە سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت. هەروەها، پرۆسەیەکی شەفاف و کراوەی داراییکردن دەبێتە مایەی ڕەوایەتی بەخشین بە دارایی نیشتمانی لە چاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و جەماوەر. ئەم ڕەوایەتییە کاریگەرێکی ئەرێنی هەیە لەسەر کاری کەرتی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتیی.

---

[51] Katerina Hadzi-Miceva and Nilda Bullain, “A Supportive Financing Framework for Social Economy Organizations,” in *The Social Economy – Building Exclusive Economies*” (OECD Local Economic and Employment Development (LEED) Programme 2007).

[52] .ECNL, “State Funding for NGOs: Principles and Practices in Tendering” (awaiting publication, paper on file with ECNL)

[53] ئێمە بەشێک لە (پەیماننامەی ئینگلتەرا بۆ یاسای مومارەسەی باش)مان لە پاشگری H بەشی ١ داناوە. بەشەکە بریتییە لە دید، سترەکچەر و ئامانجەکانی یاساکە، هەروەها ئەرکەکانی حکومەت و کەرتی خۆبەخش و کۆمەڵگەی مەدەنی، و پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری.

ئەم بابەتانەی خوارەوە بەشێکن لە پرۆسەی داراییکردنی شەفاف:

- پرۆسەیەک بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی سەرجەم زانیارییە پەیوەندیدارەکان
  - بانگهێشتی جەماوەر و گشتیی بۆ پرۆپۆزەڵ
  - ئاگادارنامەی گشتیی و جەماوەریی بۆ پێوەری هەڵسەنگاندن
  - کاتبەندی و ڕێنمایی ڕوون و ورد بۆ ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵ
  - ئاگاداریی جەماوەر و گشتیی لە بەخشینی داراییەکان.
- ڕێسای ڕوون بۆ ڕێگیری لە پێکدادانی بەرژەوەندیی

## B. بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندی زانیاری

پێویستە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە ئاگاداریی سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و جەماوەر بانگهێشت بکرێت بۆ پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ، پێوەری شایستەیی و هەڵبژاردن، کاتبەندی و ڕێنمایی بۆ ئامادەکردنی پرۆپۆزەڵ. لە وڵاتان شێوازی جۆراوجۆر دەگیرێتە بەر بۆ ڕاگەیاندنی دارایی نیشتمانیی، لە ئێستادا ڕەوتەکە بریتییە لە بەکارهێنانی وێبسایتی سندوقەکە و ڕۆژنامە  بۆ ئەوەی جەماور دەستیان بگات بە سەرجەم زانیارییە پەیوەندیدارەکان.

### ئازەربایجان: ئەنجومەنی پشتگیریی دەوڵەت لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

(ئەنجومەنی پشتگیریی دەوڵەت لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)ی ئازەربایجان لە ڕێی بڵاوکردنەوەی پێوەرەکانی کێبرکێ، پرۆسەی هەڵبژاردن، و ڕێساکانی کێبرکێ لە وێبسایتەکەیدا هەوڵ دەدات جەخت لە شەفافییەت بکاتەوە. بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئاسانی داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی کۆمەک، فۆرمەکانی داواکاری لەسەر وێبسایتەکەش دانراون. هەروەها، وێبسایتەکە ڕێساکانی بەڕێوەبردنی خودی ئەنجومەنەکەش لەخۆدەگرێت.

### شانشینی یەکگرتوو: دارایی یانسیبی مەزن

(بیگ لۆتەری، لۆتەریی مەزن)ی شانشینی یەکگرتوو زانیاری لەسەر وێبسایتەکەی دادەنێت، زانیارییەکان بریتین لە:

- بڵاوکراوە، وەک ڕاپۆرتەکان
- بەڵگەنامەکانی کۆمپانیاکە
  - ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوەکە بە گشتیی، هەروەها بەرنامەی هەر کۆمەکێک
  - پەیام و لێدوانی بەهاکان
  - پلانی کۆمپانیاکە
- وەسفی ئەندامانی دەستە و ستاف
  - بایۆگرافیای ئەندامانی دەستەکە
  - بایۆگرافیای تیمی بەڕێوەبردن

- بۆنە و ڕێوڕەسم
- ڕێوشوێنی بۆ سکاڵاکردنی کەستۆمەر
- زانیاریی و ناونیشان

وێبسایتی (سندوقی بیگ لۆتەری) سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ دەستگەیشتن بە زانیاری لەسەر سندوقەکە و ناساندنی سندوقەکە وەک ڕێکخراوێکی کراوە و جێی متمانە

## C. ڕێگرتن لە پێکدادانی بەرژەوەندیی

ئەو ڕێسایانەی ڕێگە دەگرن لە پێکدادانی بەرژەوەندیی زۆر پێویستن بۆ پاراستنی ڕەوایەتی و سمعەی گشتیی باشی سندوقەکە. ئەو بوارانەی پێکدادانی بەرژەوەندیی کە پێویستە ڕەچاو بکرێن بریتین لە پەیوەندیی خێزانیی بڕیاربەدەستان لەگەڵ یان بەشدارییان لە بەرژەوەندیی دارایی یان سیاسی یان بواری تری بەرژەوەندیی کەسی لە بڕیارێک یان دەرەنجامێکی دیاریکراودا.

### ئەڵبانیا: ئاژانسی پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی

بۆ نموونە، یاسای (ئاژانسی پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی)ی ئەڵبانیا بە ڕوونی ڕێگە لە پێکدادانی بەرژەوەندیی دەگرێت. لە یاساکەدا هاتووە کە ئەندامانی دەستەکانی سەرپەرشتیاری یان ئۆرگانی تری بەشدار لە سەپەرشتی یان بەڕێوەبردنی ئاژانسەکەدا بۆیان نییە دەنگ بدەن لەو بوارانەدا کە بەرژەوەندیی دارایییان هەیە، یان ئەگەر پەیوەندییان هەبێت بە خزم و کەسوکاریانەوە.[54]

### کرواتیا: دەستگای نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەزموونی کرواتیان لە بواری ڕێوشوێنەکانی داراییدا لە (دەستگای نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی) ئەوە دەردەخات کە زۆر گرنگە ڕێسا هەبێت بۆ ڕێگری لە پێکدادانی بەرژەوەندیی. لە یەکەم ساڵیدا دەستگاکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی پیادەی دەکرد بۆ داراییکردن. [55] لە بەراییدا، ئەو دەستەیەی کە وەرگرانی کۆمەکی هەڵدەبژارد لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتبوو، ئەمەش گومانی خستە سەر بێلایەنییان. لە بەرسڤی ئەم ڕەخنەیەدا، دەستگای نیشتمانی هەندێک ڕێسای ڕوونی بۆ پێکدادانی بەرژەوەندیی تەبەنی کرد. سەرەڕای ئەمەش، دەستگای نیشتمانی تۆمارێکی دانا بە ئەگەرەکانی پێکدادانی بەرژەوەندیی. ئەگەرچی ئەوە بەڵگەنامەیەکی گشتیی نییە، بەڵام دەستە دەسەلاتدارەکان دەتوانن بە گوێرەی داواکارییەک دەستیان بە تۆمارەکە بگات.

---

[54] Law on the Organization and Functioning of the Civil Society Support Agency, Article 14.

[55] Katerina Hadzi-Miceva, supra note 3, p. 21.

**پەیڕەوی ناوخۆی دەستگای نیشتمانی، مادەی ١٩**

*(1) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن یان دەستەی تری دەستگاکە بۆی نییە دەنگ بدات یان بڕیار دەربکات لەسەر بابەتێک کە خۆی یان هاوسەرەکەی یان دایک و باوکی یان منداڵی یان کەسێکی بە خوێن نزیک لێی یان کەسوکارێکی تا پلەی چوارەم، یان کەسێکی خزمی پلە دوو بەهاوسەرگیری، بەرژەوەندیی مادی تێدا هەبێت، یان بۆ بابەتی پەیوەست بە قەوارەیەکی یاسایی کە ئەندام بێت تێیدا، یان بەشدار بێت لە بەڕێوەبردنییدا، یان هەر بەرژەوەندییەکی مادی تێدا هەبێت.*

*(2) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن یان هەر دەستەیەکی تری دەستگاکە پابەندە بە نووسینی ڕاپۆرت بۆ سەرۆکی ئەو دەستەیەی ئەندامە تێیدا لەسەر پێکدادانی بەرژەوەندیی پەرەگرافی ١ ی ئەم مادەیە کە ئاگاداری بێت، بە لای کەمەوە پێش دەنگدان لەسەر بابەتەکەی پەرەگرافی ١ ی ئەم مادەیە*

## D. تێهەڵچوونەوە (تمییز)ی بڕیاری تەرخانکردنی گرانت (منحة)

سەرەڕای ئەمە، پێویستە میکانیزمێک لە ئارادا بێت کە ڕێگە خۆش بکات بۆ تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکان. پێویستە لە ڕێوشوێنەکانی تێهەڵچوونەوەدا ڕێگەیەک دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ وەرگرتنی گرانت بۆ بەرامبەر وەستانەوەی بڕیارەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، کارا و دامەزراوەیی. بۆ نموونە، لە دەستگای نیشتمانیی کرواتیادا هەر ڕێکخراوێک کە داواکاری پێشکەش کردووە بۆ گرانت بۆی هەیە لە ماوەی هەشت ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەیەوە لە ئەنجامەکانی گرانتەکە بەوەی کە ناوی دەرهێنراوە یان لەبەر نەبوونی کارایی لابراوە تانە بدات (داوای تێهەڵچوونەوە بکات) لە شێوازی هەڵسەنگاندنی داواکارییەکەی.[56]

## E. ئەو ڕێسایانەی گرێبەستسازی و پارەدان بەڕێوە دەبەن

پێویستە پێشوەخت سندووقەکە ئەو ڕێسایانە دابڕێژێت کە کاروباری گرێبەستسازی و پارەدان دادەپۆشن، و ئەو ڕێکخراوانەی دارایی وەردەگرن ڕەزامەندییان لەسەر دابێت. زۆر جار، وڵاتان ئەم ڕێسایانە لە (پەیماننامە) یان لە بەڵگەنامەیەکی تردا دەکەن بە یاسا.57 ئەگەر وا پێویست بکات گۆڕانکاری بکرێت لە ڕێوشوێنەکاندا، ئەوسا پێویستە لە کاتی سازکردنی گرێبەستی نێوان ئەندامانی سندوقی نیشتمانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاوتوێ بکرێت پێش ئەوەی پارەکان بدرێن و پێش ئەوەی دەست بە پرۆژەکە بکرێت.

---

56 Katerina Hadzi-Miceva and Fabrice Suplisson, supra note 2, p. 10.

57 ئەستۆنیا ڕێساکانی کردووە بە یاسا بۆ کاروباری گرێبەست و پارەدان لە (مادەکانی یەکێتییەکانی دەستگاکانی نیشتمانیی) بڕوانە http://www.kysk.ee/?s=21. ئێمە بەشە پەیوەندداره‌کانمان لە پاشگری I بەشی ١ داناوە.

شانشینی یەکگرتوو یاسایەکی داڕشتووە بە ناوی (یاسای پەیماننامە بۆ مومارەسەی باش)، کە تێیدا بە شێوەیەکی گشتیی بەرپرسیارێتییەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرامبەر بە یەکتری دیاری دەکات بۆ پێش، لە ماوەی، و هەروەها بۆ دوای ماوەی پرۆسەی داراییکردنەکە.

***هەندێک زانیاری لە (داراییکردن و کرپاری)ی شانشینی یەکگرتوو:***

***یاسای پەیماننامەی مومارەسەی باش***

- *پارەدانەکانی حکومەت پێش خەرجییەکان دەدرێت "کاتێک پێداویستییەکی ڕوون لە ئارادا بێت و کاتێک ئەمە بەهای هەبێت بۆ پارەکە" (مادەی ١١)*
- *پێش ئیمزاکردنی ڕێکەوتنێکی دارایی، حکومەت تاوتوێی مەترسییەکانی پرۆژەکە دەکات، ڕێککەوتن دەکات لەسەر ئەدای بەڕێوەبردنەکە، و ڕێککەوتن دەکات لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پارەیەی گرانتەکە کە سەرف نەکراوە (مادەی ١٠)*
- *ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکی تێگەیشتن لە ڕیوشوێنە داراییەکان لە ئەستۆ دەگرن و ئەوە دەردەخەن کە بۆچی پێویستیان بە دارایی پێشوەختە، ئەگەر پێویست بێت (مادەی ١٦)*
- *پرۆسەکانی چاودێریکردن پێش ئیمزاکردنی گرێبەستەکە دادەڕێژرێن (مادەی ١٢)*
- *پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دانوستان بکەن لەسەر مەرجەکانی چاودێری و ڕاپۆرتنووسین، و جەخت لەوە بکەنەوە سیستمی ئەوتۆ لە ئارادا بێت بۆ گەیاندنی ڕاپۆرتە پێویستەکان (مادەی ١٧)*
- *ئەگەر وا پێویست بێت داراییەکە بکێشرێتەوە، پێویستە بەلای کەمەوە پێشوەخت بە ماوەی ٣ مانگ ئاگادارینامە پێشکەش بکرێت (مادەی ١٣)*

## IX. نووسینی ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندن

میکانیزمەکانی نووسینی ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندن ئێجگار پڕبایەخن بۆ سەرکەوتنی درێژخایەنی سندوقەکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی لە پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی. پێویستە ڕێوشوێن لە ئارادا بێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی سندوقەکە کاریگەری خۆی بەدەست دەهێنێت، ئەگەر وا نەبێت، هاوکاری بکرێت لەو گۆڕانکارییانەی پێویستە ئەنجام بدرێن. دەتوانرێت لە دوو ئاستدا هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت: (أ) لە ئاستی بەرنامەی گرانتەکە، واتە، ئایا پرۆژەکان کاریگەری مەبەست دروست دەکەن، و (ب) لە ئاستی ستراتیجی دامەزراوەییدا، واتە، ئەو ستراتیجەی بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی کام بەرنامەی گرانت ئەنجام دەدرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا (سووڕی پلاندانان، کە وا باوە ١-٣ ساڵ بێت).

### A. هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی گرانت

مەبەست لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەی گرانت بریتییە لە دەستنیشانکردنی بەرەوپێشچوون بەرەو ئامانجەکانی داراییکردنەکە و چاکترکردنی شێوازەکانی داراییکردن لە ئاییندەدا. دەتوانرێت بە چەند شێوازێک بەرنامەکانی گرانت هەڵبسەنگێدرێت: لە ڕێی هەڵسەنگاندن لە لایەن ئەندامانی سندوقی نیشتمانییەوە، یان لە لایەن پسپۆڕانی سەربەخۆی دەرەکییەوە، یان لە ڕێی خۆ-هەڵسەنگاندن لە لایەن خودی ئەو ڕێکخراوانەوە کە پرۆژەکانیان جێبەجێ کردووە یان پشتگیریی تەشغیلییان وەرگرتووە. کاتێک بەرنامەی گرانتێک هەڵدەسەنگێندرێت پێویستە کاریگەرەکانی پرۆژە پشتگیریکراوکان لەسەر سوودمەندەکان، هەڵبسەنگێندرێت. هەندێک داراییکردن، وەک سندوقی لۆتەریی مەزن لە شانشینی یەکگرتوو، بە شێوەیەکی کارا ئاویتەیەکی بەکارهێناوە لە چەند شێوازێک بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی ورد و هەمەلایەن ئەنجام بدات.

***شانشینی یەکگرتوو: سندوقی لۆتەریی مەزن، خۆشگوزەرانیی نیشتمانیی***

*پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی گرانتی خۆشگوزەرانی ئەم توخمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:*

- *خۆ-هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە جێبەجێی دەکەن، لە ماوە و لە دوای تەواوبوونی پرۆژەکە.*
- *پرسیارنامە (استبیان): پرسیارنامە ڕەوانە دەکرێت بۆ سوودمەندانی پرۆژەکانی ڕێکخراوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆژەکان. لەبەرئەوەی پرۆژەکان بە مەبەستی چاکترکردنی خواردنی تەندروست، چالاکیی جەستەیی و تەندروستیی عەقڵیی ئەنجام دراون، پرسیارەکان تایبەتن بە نەریتەکانی خواردن و چالاکیی سوودمەندەکان.*

- *هەڵسەنگاندن لە لایەن هەڵسەنگێنەری نیشتمانیی دەرەکییەوە*
    - *٧ وۆرکشۆپ ساز کرا بۆ ئاشناکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەڵسەنگاندن پێش ئەوەی دەستی پێبکرێت*
    - *(لیژنەی ئاکار-ئەخلاقییات) دامەزرێندرا بۆ چاودێرییکردنی لێکۆڵینەوەکە*
    - *ڕێورەسمێکی گەورە ساز کرا بۆ دەستپێکردنی هەڵسەنگاندنەکە*
    - *دوو بابەت لەسەر سیاسەت و ڕێوشوێن نووسرا و ٣ هەواڵنامە بڵاو کرایەوە سەبارەت بە ئەنجامەکان (هەواڵنامەکان بۆ ئەو کەس و لایەنانە بوون کە ڕەنگە فۆرمی داواکاریی پێشکەش بکەن، تێییدا ئەوەیان بۆ ڕوون کرایەوە کە چۆن پرۆژەی ئەوتۆ دابمەزرێنن کە سەرکەوتوو بێت و جەخت بخاتە سەر دەرەنجام*

## B. مەرجەکانی ڕاپۆرتنووسین[58]

مەرجەکانی ڕاپۆرتنووسین پشت دەبەستن بە مەبەستی هەڵسەنگاندنەکە و بە گوێرەی بەرنامەی گرانتەکە جۆراوجۆرە. ئەمانەی خوارەوە بریتیین لە لای کەمی مەرجەکانی ڕاپۆرتنووسین بە گشتیی:

- لە حاڵەتێکدا پرۆژەکان درێژ بن ئەوسا وا باوە یەک یان دوو ڕاپۆرت هەبێت لە ناوەڕاستی پرۆژەکە، لەگەڵ ڕاپۆرتێکی کۆتایی (دوایین ڕاپۆرت، فاینال ڕیپۆرت)
- پێویستە وەرگری گرانتەکە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی پێوانەیی (معیاری، ستاندارد) و ڕاپۆرتێکی دارایی لە هەر بۆنەیەکدا پێشکەش بکات
- ئەو پارانەی کە ماونەتەوە نادرێن تا ئەو کاتەی ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە پەسەند نەکرێن
- پێویستە مەرجەکانی ڕاپۆرت (ی تێروتەسەل) زانراو بن لای وەرگری گرانتەکە کاتێک گرێبەستەکە ئیمزا دەکات و پێویستە ئەمە بەشێک بێت لە گرێبەستەکە.

کاتێک مەرجەکانی ڕاپۆرتنووسین دادەڕێژرێن پێویستە ئەم بابەتانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکان کارا بن و زانیاری پێویست بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەخۆبگرن:

- پێویستە ڕاپۆرتەکان جەخت بخەنە سەر دەرەنجامەکان (وەک، پرسیار لەسەر هەڵسەنگاندنی نیشانەکان، دەستکەوتەکان، و هەڵسەنگاندنی سوودمەندەکان و سەرنج و بیروبۆچوونیان، ئەو وانە و پەندانەی فێریان بوون، تاد) و هەندێک بوار بهێڵرێتەوە لە چالاکییەکان و تەرخانکردنی بودجەکەدا (وەک، بە کام شێواز و چالاکیی ئەنجامەکان بەدەست هێنراون)
- بەڵگەنامەکردن (توثیق)ی دەرەنجامەکان، و نابێت زێدەڕۆیی ناپێویست هەبێت لە دەرەنجامەکاندا.

58 ECNL, "State Funding for NGOs: Principles and Practices in Tendering" (awaiting publication, paper on file with ECNL).

- پێویستە ئەو حاڵەتانە ڕوون و دیار بن کە تیایاندا پێویستە وەرگری گرانتەکە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانکاری بنووسێتەوە، هەروەها ئەو حالەتانەی کە پێویستە پێشوەخت ڕەزامەندی وەربگرێت.
- پێویستە ئاستی وردەکاریی و قەبارەی ڕاپۆرتەکە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو داراییەی لەسەر پرۆژەکە خەرج کراوە.

## C. هەڵسەنگاندی ستراتیجی دامەزراوەیی

ئامانج لە هەڵسەنگاندنی ستراتیجی دامەزراوەیی (ستراتیج المؤسسة) بریتییە لە چاودێریکردنی ئەوەی ئاخۆ خودی سندوقەکە ( لە ڕێی بەرنامە جۆراوجۆرەکانییەوە و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا) ئەو کاریگەرەی مەبەستە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی، دروستی دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر ئامانجەکە بریتی بێت لە هاندانی دروستکردن و پتەوکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچەیەکی دیاریکراو، ئایا ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ دامەزرێندراوە لەوێ و ئایا لە بواری دامەزراییەوە (مۆسساتییەوە) پتەو و بەهێزن؟ ئەگەر ئامانجەکە ڕۆڵی هەبووبێت لە چارەسەرکردنی گرفتێکی کۆمەڵایەتییدا لەسەر ئاستی وڵات، ئایا سندوقەکە ئەم ڕۆڵەی چۆن بینیوە لە چارەسەرکردنیدا لە ڕێی بەرنامەی گرانتەکەوە؟ ئەگەر سندوقی نیشتمانی نەتوانێت ئامانجە ویستراوەکانی بەدی بهێنێت، پێویستە هەڵسەنگاندنی ستراتیجەکە ڕێگە خۆش بکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی پێویستیان بە چاکسازییە .[59]

هەڵسەنگاندنی ستراتیجی دامەزراوەیی هاوکات لەگەڵ سووڕی پلاندانانی ڕێکخراوەکەدا ئەنجام دەدرێت، و وا باوە هەر ١ – ٣ ساڵ جارێک بکرێت. شێوازەکان بریتین لە:

- کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتای ئامار (وەک، چەند پارە دابەش کراوە و بەسەر چەند ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییدا دابەش کراوە، چەند سوودمەند خزمەتگوزارییان لە وەرگری گرانتەکە وەرگرتووە، تاد)
- هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژانەی ماون و کاریگەری ڕاستەقینەیان هەیە (و ئەو پرۆژانەش کە ڕەنگە کەمتر سەرکەوتوو بن) لەگەڵ دەستنیشانکردنی وانە و پەندەکان بە مەبەستی چاکترکردنی کارایی پشتگیرییەکە
- ڕووپێوی بۆچوونی ئەوانەی پێشتر و ئێستا گرانت وەردەگرن لە بەرامبەر ڕۆڵی سندوقەکە و دەستکەوتەکانی، سندوقەکە بە کام شێواز هاوکاری کردوون و چاوەڕوانیی چی لێ دەکەن لە ئاییندەدا،
- ئاخاوتن لەگەڵ ئەو ڕێخکراوانەی پشتگیرییان پێشکەش نەکراوە، یان ئەوانەی کاریگەریان بووە لەسەر سندوقەکە، و
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری سندوقەکە

دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی لەم جۆرە وەک بەشێک لە ڕاپۆرتنووسینی فەرمی ئەنجام بدرێت کە پێویستە سندوقەکە بە شێوەیەکی ساڵانە پێشکەشی بکات (واتە نووسینی ڕاپۆرت بۆ وەزیر یان بۆ ئەنجومەنی وەزیران).

---

59 لە ئەستۆنیا (دەستگای نیشتمانی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی) پرەنسیپکەانی هەڵسەنگاندنی ستراتیجی دامەزراوەیی لە ڕێی هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان، چاودێریی اعتباطیی ڕێکخراوە دارابیکراوەکان داناوە، هەروەها هەڵسەنگاندنیکی ساڵانە لە لایەن دەستەی NFCS ئەنجام دەدرێت، بڕوانە: http://www.kysk.ee/?s=21. ئێمە بەشێکی (مادەکانی یەکێتیی دەستگای نیشتمانیی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی)مان لە پاشگری J لە بەشی ١ داناوە.

ڕەنگە وا پێویست بێت تاوتوێیەکی بەرایی ئەنجام بدرێت لەسەر هەڵسەنگاندنی ستراتیجی سندوقەکە پێش دەستکردن بە سووڕی بەرنامەیەک بە مەبەستی جەختکردنەوە لەوەی داتای پێویست کۆبکرێتەوە لە کاتی بەرنامەکەدا. بۆ نموونە، پێویستە داوا لە وەرگری گرانتەکە بکرێت ڕاپۆرت بنووسێت لەسرە ژمارەی ئەو سوودمەندانەی پرۆژەکە خزمەتی کردووەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت داتا بۆ چەند ساڵێک کۆبکرێتەوە و بخرێتە سەر یەک.

ئەزموونی (سندوقی مەدەنیی نیشتمانی)ی هەنگاریا ئەوە دەردەخات کە بۆچی پێویستە بە شێوەیەکی کارا ستراتیجیی دامەزراوەیی هەڵبسەنگێندرێت. دوای سێ ساڵی یەکەم لە چالاکییەکانی، (ئاژانسی وردبینیی دەوڵەت) هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەلی کارایی سندوقەکە ئەنجام دا، ئەمەش وەک بەشێک لە دەسەڵاتەکانی لە سەرپەرشتیی کارایی و چوستیی بەکارهێنانی پارەی گشتیی. سەرنج دراوە لەوەی کە "بەکارهێنانی ئەو پشتگیرییە تەشغیلییەی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە بە شێوەیەکی گشتیی بە گوێرەی یاسا بووە بەڵام نەبووەتە مایەی بەرفراوانبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕابەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی"

*"لای کەمی بڕی ئەوەی لە "پرنسیپڵەکانی پشتگیریی"دا دەستنیشان کراوە جەخت لە پتەوکردنی ڕێکخراوەکان ناکاتەوە، لۆجیکی سیستەمەکە بوار نارەخسێنێت بۆ ڕێکخراوە بچووکەکان لە ڕەوشی ئێستایان ڕزگاریان ببێت و گەشەسەندنی چەندایەتی بە خۆیانەوە ببینن.*

*ئەنجومەنەکە تەنێ مەرجە فەرمییەکانی بۆ بڕیاردان لەسەر داواکارییەکان دەستنیشان کردووە... پێناسەی "خەرجییە تەشغیلییەکان" ڕوون نەبووە و دەستە جۆراوجۆرەکانی ئەنجومەنەکە ڕاڤەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە، بە هەمان شێوە خەزێنە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش ڕاڤەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە.*

*وەزیر جەختی نەکردۆتەوە لە پابەندبوون بە یاسای بەکارهێنانی دارایی گشتیی، و شەففافییەت و کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی موڵکوماڵی گشتیی و فەرمانە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی بە زەحمەت سوودە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو پشتگیرییە هەڵبسەنگێندرێت کە لە ڕێی NCF –ەوە پێشکەش کراوە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵی کارەدا وەزیر نیشاندەرەکانی ئەدا و ستاندارده پێویستەکانی ئەم ڕێسایانەی داڕشتووە، بۆیە وانە و پەند و ئەزموون دروست نەبوون بۆ ئەوەی بکرێن بە بناغە بۆ بڕیاریی ئاییندەیی.*

*بەکارهێنانی ئەو پشتگیرییە تەشغیلییەی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە بە شێوەیەکی گشتیی بە گوێرەی یاسا بووە، بەڵام نەبووەتە مایەی بەرفراوانکردنی ڕۆڵی*

دوابەدوای ڕاپۆرتەکەی (ئاژانسی وردبینیی دەوڵەت)، NCF چەند خاڵێکی ڕاپۆرتەکەی ڕەچاو کرد (وەک، بە شێوەیەکی ڕوونتر پێناسەی خەرجییە تەشغیلییەکانی کرد) و شێوازی نوێی پیادە کرد. لە هەمووی گرنگتر، میکانیزمێکی خۆ-هەڵسەنگاندنی هێنایە ئاراوە کە بە شێوەیەکی ساڵانە ئەنجام دەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی کارایی. ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠ یش بە گوێرەی ئەنجامەکانی ئەو هەڵسەنگاندنە ستراتیجێکی نوێی دارشت. (بەڵام هەموو شتێکی نەگۆڕی، وەک، ئێستاش ئەنجومەنەکە شێوازی پێوانەیی بە باشترین ڕێگە دادەنێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی پشتگیرییەکە بۆ ئەنجامدانی پشتگیریی دامەزراوەیی).

تەمویل (دارایی)ی حکومەت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێی (سندوقی نیشتمانیی)ەوە شێوازێکی پڕبایەخە بۆ پشتگیریی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بە شێوەیەکی نموونەیی، (سندوقی نیشتمانی) بەشێکە لە چوارچێوەیەکی یاسایی گەورەتر بۆ پشتگیریی لە کۆمەڵگەی مەدەنی. سەرەڕای دەرچواندن و کارکردن بە یاسای هاندەر بۆ دامەزراندن و سەقامگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حکومەت دەتوانێت نووسینگەیەک یان فەرمانگەیەک دروست بکات بۆ بە-دامەزراوەکردنی هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەبەرهێنان لە تواناسازکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بنکەی پشتگیری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەبەرهێنانی سەرچاوە بۆ ئاشناکردن بە کەرتی گشتیی، و داڕشتنی میکانیزم بۆ بەشداریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دروستکردنی بڕیاری حکومییدا. بەم شێوەیە، دامەزراندنی (سندوقی نیشتمانی) هەنگاوێکی گرنگە لەسەر ڕێگەی داڕشتنی سترەکچەرێکی گەورە و هەمەلایەن بۆ پشتگیریی حکومی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەبەرئەوەی ئامانجی (سندوقی نیشتمانی) بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی حکومەت/ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵگەییەکان، بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی دامەزراندنی سندوقەکە بریتی دەبێت لە ڕاوێژ لەسەر سوودمەندە ئایندەییەکانی سندوقەکە. هەندێک لەو سندوقانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسیان کراوە بانگهێشتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان کردووە بۆ بەشداری و بۆ دەربڕینی سەرنجەکانیان لەسەر دروستکردنی سندوقەکە، هەندێکی تریان ڕاوێژیان لەگەڵ کردوون بۆ داڕشتنی بەرنامەکانی گرانتەکە. ئەو بەرپرسە حکومییانەی بەرپرسیارن لە دامەزراندنی سندوقی نیشتمانی، پێویستە میکانیزمی فەرمی دابنێن بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوون و سەرنجی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەردوو قۆناغەکەدا.

سندوقەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر دادەمەزرێن. بۆیە زۆر گرنگە لە دەستپێکەوە بە وردی نیاز وئامانج لە دامەزراندنی سندوقەکە دابڕێژرێت. ئەم شێوازە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەستنیشانکردنی باشترین ستراتیجی تەشغیلی و ئەولەوییەتی دارایی و بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەدەستهێنانی ئامانجەکان. لە بەشێکی ئەم پرۆسەیەدا بڕیار لەسەر ئەو ڕێکخراوانە دەدرێت کە پشتگیرییان پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ جۆری ئەو پشتگیرییە، و بۆ کام مەبەست. ڕەنگە ئامانجی سندوقەکە بریتی بێت لە پتەوکردنی ژێرخان و گەشەی کەرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتیی، یاخود پشتگیریی هەندێک ئەولەوییەتی حکومەت. ڕەنگە سندوقێک پشتگیریی پێشکەش بە توانا دامەزراوەییەکان بکات (وەک کاتێک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دارایی بۆ ئەو پێداویستییانە وەردەگرن کە پەیوەست نین بە پرۆژەوە) و/یان پشتگیرییان بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەندێک پرۆژەی دیاریکراو. پشتگیریی دامەزراوەیی ڕەنگە پشتگیرییەکی پێوانەیی (معیاري) بێت ( دارایی بۆ هەموو داواکارێک تەرخان بکرێت)، یان بە گوێرەی پێداویستی بێت (دارایی بۆ پێداویستیی تواناسازیی دامەزراوەیی)، یاخود پشتگیرییەکی عەینی بێت (خزمەتگوزاریی و کەرەستە). سەرەڕای ئەمە، ڕەنگە ئەو پشتگیرییە دامەزراوەییە یان ئەو پشتگیرییەی بە گوێرەی پرۆژە پێشکەش دەکرێت، بۆ یەک ساڵ بێت یان بۆ چەند ساڵێک بێت. پێویستە ماوەی کاتی پشتگیرییەکە لە پرۆسەی داڕشتنی بەرنامەکانی سندوقەکەدا ڕەچاو بکرێت، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەر ئاستەنگێک

کە ڕەنگە سەرهەڵبدات (بۆ نموونە گرفت لە هەبوون –بەردەستێتی، توفر–ی داراییەکان، هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پرۆژە درێژخایەنەکان).

دابینکردنی سەرچاوەی جێی متمانە و بەرچاو دەبێتە مایەی سەرکەوتنی درێژخایەنی سندووقەکە. پابەندێتی (ئیلتیزام) بە دابینکردنی بڕێک بودجە لە دووتوێی بودجەی گشتیی دەوڵەت بە سەرچاوەیەکی سەقامگیر دادەنرێت، و بوار بۆ حکومەت دەڕەخسێنێت پلان دابنێت بۆ بڕی ئەو داراییەی کە دەتوانێت لە هەر سوڕێکی بودجەدا تەرخانی بکات. هەروەها دەشێت داهاتی تایبەتاندن (خصخصة)ی کۆمپانیا حکومییەکان، و داهات لە لۆتەری و یاری تری خۆوبەختی بخرێتە ناو سندوقەکە. دواجار، ڕەنگە سەرچاوەی بەدیلیش هەبێت بۆ داراییکردنی سندوقەکە، ئەم داراییانە ڕێخۆشکەر دەبن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سندوقەکە و پشتگیریی پێشکەش هەندێک بەرنامەی تریش دەکەن (وەک، تەمویل لەلایەن کۆمەکبەخشی کەرتی تایبەت کە دەیانەوێت شەراکەت بکەن لە سندوقەکەدا و پشتگیری هەندێک بەرنامەی دیاریکراو بکەن).

داڕشتنی شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی سندوقەکە دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی سندوقەکە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بەڕێوە ببرێت و چاودێرییەکی باش لە ئارادا بێت و بڕیارەکانی سندوقەکە دوور بن لە سیاسەت و تەبا بن لەگەڵ ئامانج و ستراتیجی سندوقەکە. سترەکچەری بەڕێوەبردنی سندوقەکە پێناسەی ڕۆڵی هەر یەکێک لە حکومەت، پسپۆڕانی دەرەکی، و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات لە کورتخایەنی و درێژخایەنییدا. ڕەنگە حکومەت بەشداری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکانی سندوقەکەدا بکات، دەستەکانی بەڕێوەبردنی سندوقەکە دابمەزرێنێت، یان ڕۆڵێکی سەرپەرشتیاریی ببینێت. بە گشتیی، دەستەی سندوقێک پلانی ستراتیجیی درێژخایەن دادەڕێژێت و بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر تەمویلکردنی داواکارییەکان، هاوکات بەڕێوەبەرایەتی و ستافەکە بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی سندوقەکە.

ئەگەرچی دوایین بڕیار لەسەر تەمویلکردنی داواکارییەکان لە دەسەڵاتی دەستەکەدایە، بەڵام ڕەنگە لایەنی جۆراوجۆر هەبێت کە بەرپرسیار بن لە هەڵبژاردنی بەرایی و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵەکان. وا باوە لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی بەرایی لە دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقەکە، ستافی سندوقەکە یان هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ پێک بهێنرێت. ڕەنگە لیژنەی هەڵبژاردنەکە نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییش لەخۆبگرێت. ئەگەر لیژنەی هەڵبژاردن نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆبگرێت، ئەوسا پێویستە هەندێک ڕێسای ڕوون لە ئارادا بێت سەبارەت بە پێکدادانی بەرژەوەندیی. هەروەها بۆ جەختکردنەوە لە شەفافییەت و بەرپرسیابوونی پرۆسەکە پێویستە پسپۆڕێتیی نوێنەرەکان ڕەچاو بکرێت. پێویستە ڕێوشوێنی تریش دابنرێت بۆ جەختکردنەوە لە شەفافییەت و بەرپرسیاربوون لە پرۆسەکەدا بە مەبەستی پاراستنی ڕەوایەتیی پرۆسەکە و جەختکردنەوە لەوەی پلانەکانی تەمویل بە شێوەیەکی کارا و چوست جێبەجێ دەکرێن. ئەم ڕێوشوێنانە بریتین لە: بەشداریی سوودمەندەکان لە دانانی بەرنامەکاندا (هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان) و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی سندوقەکە، دەستگەیشتنی جەماوەر بە ڕێسا کارگێڕییەکان و بەڵگەنامەکان، ڕاگەیاندنی کات و کۆنووسی کۆبوونەوەکانی دەستەکە، و ڕێساکانی نووسینی ڕاپۆرت بۆ سندوقەکە.

سەرەڕای ئەمانەش، پێویستە سندوقەکە وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ ڕێسای ناوخۆیی دابڕێژێت بۆ سترەکچەری ڕێکخراوەیی، وەک ئۆرگان و بەشەکانی سندوقەکە و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی پۆستە سەرەکییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری. ئەمەش دەبێتە مایەی پتەوکردنی کاری ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی سندوقەکە.

بابەتێکی تری گرنگ بریتییە لە دانانی پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕێکخراوانەی شایستەن بۆ پێشکەشکردنی داواکاری و پێوەر بۆ ئەو ڕێکخراوانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ وەرگرتنی گرانت. پێویستە ئەم پێوەرانە لە نزیکەوە پەیوەست بن بەو ئامانجانەی لە پێناویاندا سندوقەکە دامەزراوە، هەروەها پێویستە ڕەچاوی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی داراییکردنەکە بکات (وەک، هەڵبژاردنی ئەو ڕێکخراوانەی شایستەن، هەڵبژاردنی پرۆژەکان).

کاتێک ڕێکخراوەکان داواکاریی پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتنی گرانت، بڕیار دەدرێت تەمویلی هەندێک پرۆپۆزەڵ بکرێت و هەندێک لەو پرۆپۆزەڵانە هەڵدەبژێردرێن. پێویستە سیستمێکی بێلایەن لە ئارادا بێت کە هەنگاو بە هەنگاو پرۆپۆزەڵەکان هەڵبسەنگێنێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی مەرجە پێویستەکانیان تێدایە، کوالێتی پرۆپۆزەڵەکان هەڵبسەنگێنێت، و میکانیزمی تێدابێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕێکخراوانەی تەمویلیان پێدەدرێت.

دوای ئەوەی گرانتەکان دەدرێت بە ڕێکخراوەکان، پێویستە ڕێوشوێنەکان ببنە مایەی مسۆگەرکردنی دادپەروەرێتیی تەندەرەکان و تەمویلەکان و تەواوکردنی بەرنامەکان. بۆ ئەم مەبەستە، چەندین وڵات هەندێک ڕێسا یان یاسای مومارەسەی باشیان داڕشتووە بۆ ئەوەی ببێت بە چوارچێوەیەک. هەروەها، بڵاوکردنەوەی سەرجەم زانیارییە پەیوەندیدارەکان دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لە شەفافییەت. ئەگەر ناکۆکی هەبێت لەسەر گرانتێک یان زیاتر، ئەوسا پێویستە میکانیزمێک لە ئارادا بێت تا ڕێکخراوەکان بتوانن بەکاریبهێنن بۆ تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە لای دەستگایەکی تر.

دواجار، میکانیزمەکانی ڕاپۆرتنووسین و هەڵسەنگاندن ئێجگار پڕبایەخن لە بەرەوپێشبردنی سندوقەکە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکان و ئەو چاکسازییەی ڕەنگە پێویست بێت لە هەندێک بواردا. لەسەر دوو ئاست ڕاپۆرت دەنووسرێت و هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت: هەڵسەنگاندنی ئەو بەرنامانەی کە سندوقەکە پشتگیری پێشکەش کردوون، و هەڵسەنگاندی ستراتیجی دامەزراوەیی گشتیی سندوقەکە. هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان دەتوانرێت بسپێردرێت بە ئەندامدانی سندوقەکە، یان لە ڕێی خۆ-هەڵسەنگاندنەوە لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، یاخود لە لایەن ڕاوێژکاری دەرەکییەوە. بە شێوازی جۆراوجۆر ستراتیجی دامەزراوەیی هەڵدەسەنگێندرێت، بۆ نموونە، لە ڕێی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتای ئامارەوە، هەڵسەنگاندنی مۆدیلی پرۆژەکانەوە، لە ڕێی ڕووپێو (مسح)ی ئەوانەی کۆمەکیان وەرگرتووە، ڕووپێوی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەکیان وەرنەگرتووە، یان ئەوانەی پڕبایەخن بۆ سندوقەکە، یان لە ڕێی سپاردنی هەڵسەنگاندنەکە بە ئاژانسێکی تری حکومەت.

© 2012 International Center for Not-for-Profit Law (ICNL)